# کارتێکەریی کۆمەڵگا و بنەماڵە لەسەر هەڵس و کەوتی منداڵ




نووسین و وەرگێڕانی : نادر فەتحی (شوانە)


سەرچاوە : ئینترنێت


www.rojhalat.de +++ www.bokan.de

www.rojhalat-bokan.com

Email: redaktion@rojhalat.de

# پێرست :

پێش گوتە ........................................................................ 3
بارهێنانی منداڵ! ................................................................. 9
رۆڵی دایك و باوك ............................................................. 12
ئایینە ئیبراهیمییەكان ........................................................ 15
مرۆڤ و رێگای ژیان ........................................................... 25
چیرۆكی ئایین .................................................................. 29
ئادەم و حەوا ..................................................................... 46
قابیل و هابیل ................................................................... 71
مێژووی ئایین لە ناوچەی مێزۆپێتامیا (نێوچۆمان)............................ 84
ئایا هەستی ئەخلاقیی ئێمە پەیوەندیی بە پەرەسەندنەوە هەیە؟..... 89
مرۆڤ دەتوانێ خوو و خدەكانی بگۆڕێت ........................................... 93
هۆكاری تێكدان یا خۆشكردنی ژیان، تەنیا خۆمانین ......................... 97

# پێش گوتە

لە هەر گۆشەیەكی ئەم جیهانە كاتێك منداڵ لە دایك دەبێ، لە هەوەڵەوە لە لایەن بنەماڵە و دواتر بەهۆی كارتێكەریی كۆمەڵگا (هەڵس و كەوت و تایبەتمەندییەكانی كۆمەڵگا ) وقوتابخانە و ... بە بێ ئەوەیكە هیچ شانسێكی بۆ هەڵبژاردنی رێگای ژیانی خۆی پێبدرێ، ئایین، زمان، فەرهەنگ، داب و نەریت، رێی و شۆنی ژیان و تایبەتمەندییەكانیتری كۆمەڵگای بۆ دیاری دەكرێت! دیارە سروشتییە كە منداڵ لەپێش هەمووشتێكدا دەبێ زمانی زگماكی خۆی فێر بێ، قوتابخانە بچێت و لەپێناو پەیوەندیی و بەیانكردندا، خوێندن و نووسین فێربێ. هەروەها سروشتیشە دواتر لە قۆناغەكانیتری ژیانیدا ئەگەر پێویستیی بە زمانێكی دیكەش هەبێ خۆی بڕیاردەر بێت. هەمیسان سروشتییە كە هەڵس و كەوتە گشتییەكانی كۆمەڵگا وەك داب و نەریت، بۆنە و جێژنەكان و جل و بەرگ و ... تێكەڵاوی ژیانی بن و ماوەیەكی زۆر هاورێ یی بكەن، لای كەم تا ئەو كاتەی خۆی بڕیار بدا كە هەڵگری كامیەك لەو تایبەتمەندییانە بێت و یاخود كامیان وەلا بنێت.

بەڵام لە تەمەنی منداڵیدا مەترسیدارترین هەڵس و کەوت مەجبوورکردنی منداڵ بە وەرگرتنی ئیدئۆلۆژی یا ئایینی دایك و بابە. هەر وەك چۆن ڕوونە کە منداڵ لەو تەمەنەدا پێویستیی بە هەڵس و کەوتی سیاسی، ئابووری و ... ئەو شتانە نییە، سروشتییە کە لەو قۆناغەی ژیانیدا هیچ پێویستییەکیشی بە ئایین و ئیدوئۆلۆژیەکی تر نابێ ببێت.

لەپێش هەمووشتێکدا پێمخۆشە ئەو شتە لەگەڵ خوێنەر روون بکەمەوە کە ئەگەرچی من خۆم باوەڕم بە هیچ ئایین و ئیدیۆلۆژییەك نییە، کوسپ لەسەر ڕێی هیچ کەسێك دانانێم و ڕێگا بۆ هیچکەس دیاری ناکەم. تەنیا و تەنیا وەك تەوەرێکی گرنگی ناو کۆمەڵگا پێمخۆشە هەر مرۆڤێك بە هەڵبژاردنی خۆی و بە ئاگاهیی و ئازادییەوە ڕێگای ژیانی دیاری بکات. زانست و ئەزموونەکانی مرۆڤایەتی بە درێژایی مێژوو سەلماندویانە کە زۆربەی ئەو مرۆڤانەی بۆخۆیان لە تەمەنی گونجاودا ڕێگای ژیانیان هەڵدەبژێرن، جا چ ئایین و چ هەر ئیدئۆلۆژیەکی تر بێ، بەوپەڕی تولەرانس واتە سەبووری و هیمنییەوە لەگەڵ بۆچوونەکان و ئایینەکانیتری کۆمەڵگاکان هەڵس و کەوت دەکەن، کە ئەوە خۆی لە خۆیدا شتێکی ئەرێ بیە و جێی پێشوازی لێکردنە. مرۆڤی ئاگا و ئازاد کاتێک ئەو مافە بەخۆی دەدا کە ڕێگای ژیانی خۆی بۆخۆی دیاری بکات، ئەو مافە بۆ مرۆڤیتری ئەم جیهانەش رەوا ببینێ. جیاوازیی گەورە و بەرچاو هەیە لە

مابەین مرۆڤێك كە بە ئیختیاری خۆی و لە تەمەنی گونجاودا بڕیاری لەسەر دۆزینەوەی ڕێگای ژیانی دابێت لەگەڵ ئەو كەسەی كە لە منداڵییەوە مەجبوور بە هەڵبژاردنی ڕێگای ژیانی كرابێ. زۆربەی ئەو منداڵانە لە باری ئایینیەوە وا بار دێن كە تەنیا خۆیان و ئایینەكەیان بە ڕاستەقینە دەزانن و هەستی سەبووری و تولەرانت بوون لە هەنبەر بۆچوونەكانیتری كۆمەلگاكان تێیاندا پەروەردە نابێ، هەر ئەوەش دەبێتە هۆی هەڵوێستگرتن لە بەرانبەر مرۆڤەكانیتر و تەنانەت دوژمنایەتیكردنیشیان.

لەو نووسراوەیەدا بە كۆكردنەوەی زانیاریی و بۆچوونی زانایان و پسپۆرانی ئەو تەوەرە، هەوڵی شی كردنەوەی دیاردەكان بە شێوەیەكی سیستماتێك دەدرێ و تێیدا كارتێكەریی نەرێنی بنەماڵە و كۆمەڵگا لەسەر هەڵس و كەوتی منداڵان نیشان دەدرێت و هەروەك دەشزانین كاردانەوەكەی دەبێتە هۆی تێكدانی ژیانی داهاتوویان و تەنانەت دەبێتە هۆی مەترسی خستنە سەر ژیانی مرۆڤەكانیتریش.

بە دڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم كە زۆر مرۆڤ لەم جیهانهدا هەن كە بە ناچاریی لەگەڵ ئایینی كۆمەڵگاكەیان گەورە بوون و هیچكات لە ناخی دڵەوە خۆیان بە بەختەوەر نەزانیوە یا لای كەم ڕازی نەبوون كە بە ناوی ئایینەكەیانەوە ئەو هەموو توڕەیی و كارە ناحەزانە

ئەنجام بدرێ. ئەگەر چاوێك بە ڕابردوودا بگێڕین و سەرنج بدەینە مێژووی توند وتیژیی مرۆڤەکان، بۆمان روونده‌بێتەوە کە زۆربەی کارەساتەکان و شەڕە مرۆڤ کوژییەکان لە لایەن ئایین و بە بڕیاری ئایینەوە بەڕێوەچوون. ئەو راستییە گرنگە دەبێ هەمیشە لەبەر چاوی خۆمان وێنا بکەین کە ئەگەر لە جیهاندا ئایین نەبایە، شەڕی خاچپەرەستەکان پێکنەدەهات، کارەساتی 11ی سپتامبریش ڕووی نەدەدا، بە ناوی جادووگەرەوە لە سەدەی ناوەڕاستدا ئەو هەموو ژنە بێ دەسەلاتە نەدەسوتێندران و لەناو نەدەچوون، لە ئێران ئەو هەموو رۆڵە باشە لە سێدارە نەدەدران، شەڕی مابەین ئیسرائیل و فەلەستین پێکنەدەهات، ئەو هەموو خوێنە لە نێوان موسوڵمان و سێرب و کرواتەکان نەدەڕژا، یەهوودی هێندە لەناو کۆمەڵگاکاندا بە نێوی عیساکوژیی لەژێر گوشار دا نەدەبوون و ئاوارە نەدەکران، باکووری ئیرلەند کێشەیان بۆ پێش نەدەهات، ناوێك لە کوشتنی ناموسی و خۆ سووتاندنی ژنان لە کوردستان نەدهاتەگۆڕێ و ... .

بەو نووسراوەیە هەموو قۆناغە ئەرییی و نەرینییەکانی ئایین لە پەیوەندیی و کارتێکەریی لەسەر ژیانی مرۆڤ، بە وردی شی دەکرێتەوە.

ئەگەر لە چوارچێوەی ئاییندا هەست بە کۆیلەیی و بێ دەسەلاتی دەکرێت، بە ئەگەری زۆر هۆیەکەی دەگەڕێتەوە

بۆ سەردەمی منداڵی و ئایینی دایك و باوکان. ئەگەر ئێوە لە وڵاتێکی مەسیحی هاتوونەتە سەر جیهان و ئیسلام و ئایینەکانیترتان پێ هەڵەیە، بە دڵنیاییەوە دەبێ بزانن کە ئەوکەسەی لە وڵاتێکی ئیسلامی هاتۆتە دنیا، هەر وەك ئێوە ئایینی خەڵکانی دیکە و هەموو بۆچوونەکانیتری ئەم جیهانەیان لا هەڵەیە.

ئەو شتە بۆ هەموومان روونە کە هیچکات منداڵ بە بێ ئاگایی و لە تەمەنی وا کەمدا، ناتوانێ بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی ئایین بدا! بە هیچ شێوەیەك ناتوانین ناوی منداڵی موسوڵمان، منداڵی مەسیحی، منداڵی یەهوودی، منداڵی کومونیست و ... یاخود هەرچەشنە نێوێکی تر لەسەر منداڵ دابنێین. لێرەدا تەنیا دەتوانین بڵێین: منداڵی دایک وبابی موسوڵمان، منداڵی دایک وبابی مەسیحی، منداڵی دایک وبابی یەهوودی یا منداڵی دایک وبابی کومونیست!

لەو نووسراوەیەدا هەوڵی ئاگادارکردنەوە و وەخەبەرهێنانی ئەو مرۆڤانە دەدرێ کە جەغزێکیان بەدەوری خۆیاندا کێشاوە و لەوپەڕی بێ خەبەری و نائاگاهییدا مافی ئازادیی مرۆڤەکانیتری پێ، پێشێل دەکەن. دەنا ئەو جیهانە، پێکهێنەری ببێ یا نەبێ، باوەڕمان بە ئایین هەبێ یا نا، موسوڵمان بین یا مەسیحی، یەهودی بین یا بەهایی، جێگای هەموومانە و هەمووشمان

بە مافی بەرابەرەوە دەبێ ئیزنی هەڵبژاردنی بۆچوونی خۆمان پێ بدرێ.

شوانە، رەشەمەی 2013 ی زایینی

# بارهێنانی منداڵ!

ئەو شتە زۆر راستە کە دایک و باوکەکان لە سەرتاسەری ئەم جیهانە پان و بەرینە، دەتوانن منداڵەکانیان بە فۆڕم و شکڵی جیاواز و بەو شێوەیە باربێنن، کە خۆیان مەیلیان لێی بێ. ئایا وا باشتر نییە کە فەزایەکی ئازاد بۆ منالەکان پێک بێنین، بۆ ئەوەی خۆیان بە بێ کارتێکەریی و زەخت لێکردن، وێنەیەك لە دنیای دەور و بەریان دروست کەن و لە ئازادیی تەواودا باوەڕ و ئیدئۆلۆژیی خۆیان دیاریی بکەن؟

هەر وەك دەزانین سەردەمی منداڵی ئاستەمترین تەمەنە بۆ پەرەسەندنی هەڵس و کەوتەکانیان، ئایا نابی ئەو هەلەیان پی بدرێ کە خۆیان دنیای دەور و بەریان بپشکنن، ئەزموون کۆ کەنەوە و بە بێ رق و کینەی ئایینی، بەبێ دوژمنایەتیکردن، بە بێ هەستی گوناه و خۆ بە گوناهبازانین، بە بێ هیچ لەمپەرێك لەسەر رێگایان، بتوانن هەڵس و کەوتەکانیان لە فەزایەکی ئازاد و پڕ لە تولەرانسدا پەروەردە بکەن؟

لە بارودۆخێکی وادا کە منداڵ ئیزنی خۆناسینی پی نەدرێ و ژیانی ئازادی لێ پشێوێندرێ و بەهۆی لەمپەری ئایین یاخود هەر ئیدئۆلۆژییەکیتر بازنەی بیر و بۆچوونی

بەرتەسك بکرێتەوە، دەبێ چاوەڕوانیی ئەوەش بکرێ کە کۆمەڵگای داهاتووی وڵاتەکە پڕ لە مرۆڤی فەناتیك ببێ و جێگایەك بۆ تۆلەرانس و سەبووری و خۆبوێری نەمێنێتەوە.

ئایا ئەوە کەڵکاوەژوو(سوء استفادە)ی ئایینی-ئیدیۆلۆژیی، نییە؟ ئەدی دەنا دەبێ چ ناوێکی لەسەردا بنێین؟ کاتێ منداڵ بە بێ ئیختیاری خۆی مەجبوور بە لایەنگریی ئایین و ئیدیۆلۆژی دەکرێ، ئیتر دەبێ تانیا و تەنیا ناوی کەڵکاوەژووی لێ بنرێ. ئایا بە بێ زەختی ئایین ناکرێ ، مۆڕاڵ(ئاکار و رەوشت) و هەڵسو کەوتی ئینسانیی فێری منداڵ بکرێ؟

دوو مەبەستی سەرەکی دەبنە هۆی بە ئایینی کردنی مرۆڤەکان: یەکیان وەدەستهێنانی **"هێز"**ە و ئەویتریشیان **"ترس"**.

بۆ هێندێك مرۆڤ، هەستی هێز و توانایی لە ژیانیاندا یەك لە هەرە گرنگترین خۆشییەکانە! پێیان وایە هێز دەبێتە هۆی خۆشەویستیی و رێز لێنان! بەڵام ئەوان نازانن کە لە پشت هەست بە هێز کردنیش، هەر "ترس" راوەستاوە. ترس لە خودا، خودای چێکراوی ئایینەکان.

کەڵکاوەژووی ئایینی ئەو کاتە دێتە گۆڕێ کە بۆ ترساندن و تەمبێکردنی مرۆڤ، بەهۆی کتێبە ئایینییەکانەوە، رووی تووڕی خودا نیشان بدرێ! کاتێ وێنەیەکی تووڕە لە خودا

دروستبكرێ، یاسا و گوێڕاگرییەكی بێ ئەملاو ئەولا لەسەر چەقی رێگای مرۆڤ دروست دەكرێ كە دەبێتە هۆی گەشانەوەی هەست بە ترس كردن. بەوشێوەیە مرۆڤ لە ژێر زەخت و گوشارێكی مەزن دەخسترێ و هاوكات بە نیشاندانی رێگاچارەیەك بۆ كێشەیەكی چێكراو و سازكراو كە لە راستیدا بوونی نییە، مرۆڤ مانیپولیرە(دەست تێوەردان و شوشتنەوەی مێشك) دەكرێ. بۆ وێنە: لە لایەن ئایینەوە بۆ ئەو مرۆڤانە رێگا دیاری دەكرێ و دەگوترێ: "بۆ گەیشتن بە ژیانێكی ئەبەدیی، چلۆن زەفەر بەسەر ترس دا بێنن و چ دەبێ بكەن و هەڵس و كەوتیان چ بێ!"

كەڵكاوەژوو بەو مانایەیە كە ئازادیی ژیانی مرۆڤ بەو شێوەیەی كە خۆی پێی باش بێ، بەرتەسك بكرێتەوە و لێی بستێندرێتەوە. بە گشتی هەموو كەڵكاوەژوویەكی ئایینی بەستراوەتەوە بە هەڕەشەلێكردن و تەنبێكردن و سووكایەتی كردن بە ویژدانی مرۆڤ. هۆی سەرەكیی كارتێكەریی ئەو كارە و كارتێكەریی لەسەر مرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆ زەختی ئایینەكان لە سەردەمی منداڵییەوە.

## رۆڵـی دایك و بـاوك:

دایک و باوکەکان بە گوتەی خۆیان: "هەوڵ دەدەن بە یارمەتیی "خودا" بە مەبەستەکانیان بگەن". لە ڕاستیدا ئەوانیش تاوەنبار نین و ئەو هەڵس و کەوتانەیان لە دایك و باوکی خۆیان وەك میرات وەرگرتوە و راگوێزی منداڵەکانیان دەکەن. بە بێ ئەوەی کەس بیر لە راست و دروستبوونی ئەو داب و نەریت و خوڕافاتانە بکاتەوە، وەچە بە وەچە راگوێز دەکرێن و لە نەهایەتدا بوونەتە داب و نەریتێکی ناو کۆمەڵگاکان و ترس لە خودا و غەزەب لێگرتنەکەی، ئیزنی ئەوە بە مرۆڤ نادا کە لە ئارامیدا و بە شێوەیەکی لۆژیکی بیر لەو هەڵس و کەوتە کاولکەرانە بکاتەوە. دیارە بەرهەمەکەی دەبێتە بارهێنانی منداڵێك کە بە زۆری و بە ئیشتیای دایك و باب گەورە بووە و ئاسەوارەکانی ئەو خوڕافات و راهێنانە نادروست و نەرێنیانە بە درێژایی ژیانی، ئازاری دەدەن و تەنانەت وەچەکانی داهاتووشی پێ نەخۆش و ئالوودە دەکەن.

هاوکات لەگەڵ ئەوانەشدا زەختی کۆمەڵگا و قوتابخانەش کە بە هەمان شێوە لەژێر کارتێکەریی ئاییندا بارهاتوون، منداڵی بەستەزمان هێندەیکەش دەخەنە ژێر گوشار و ڕێگای ژیانی بە تەواوی لێ دەشێوێنن.

کاتێ بە تووڕەییەوە بە منداڵ دەگوترێ: "ئاگات لە ئاکارەکانت بێ، خودا لەوسەرەوە ئاگای لە هەموو هەڵس و کەوتێکت هەیە!"، یا هەر وەك هەمووومان لەبیرمانە، لە سەردەمی منداڵیدا لە لایەن دایك و بابی خۆمانەوە، بەردەوام بە جندۆکە و خوڕافاتی سەیر سەیر دەترساندراین، بەو راهێنانە نادروستە، منداڵی بێ گوناهیان دەخستە ژێر گوشار و ترسێکیان تێدا پێک دێنا کە زۆربەی تەمنی منداڵیی لێ تاڵ دەکرا و لە ترسی دێو و درینج و جندۆکە و ئەو چەشن خوڕافاتانە، دەستی بۆ هیچ کارێك نەدەچوو. هەر کەس کتێبە ئایینییەکانی خوێندبێتەوە، بۆی روونە کە لە هەوەڵەوە تا ئاخری ناوەڕۆکی ئەو کتێبانە بە هەڕەشە و گوڕەشە، ترس و خۆف دەخەنە دڵ و رۆحی مرۆڤەوە.

بە قسەی ئایینیەکان ئەگەر خودا، توانا و زانا و بێ عەیبە، ئیتر چ پێویستییەکی بە هەڕەشە و گوڕەشە دەبێ ببێ و دەیتوانی مرۆڤ وا دروست کا کە بۆ خستنە سەر رێگای راست، پێویستی بەناردنی چەندین هەزاران پێغەمبەر نەبێ. تازە دەبێ پێشتریش پێشبینی کردبێ و زانیبێتی کە مرۆڤی بۆ مهار ناکرێ، ئەدی بۆچی دەبێ ئاوای دروست کردبێ؟

کاتێك ئێمە بیر لە کاری خراپ وەك پیاو کوژی، دزیی، دەستدرێژی بۆ نامووسی خەڵکی و ... دەکەینەوە هەمیشە

دوو لایەن یاخود دوو کەس دەبینین: یەکەم ئەو کەسەی کارە خراپەکەی کرووە و دووهەمیش ئەو کەسەی کارەساتەکەی بەسەر هاتووە. بۆ کەڵکاوەژووی ئایینیش بە هەمان شێوە دوو کەس دەبینین: ئەو کەسە یاخود ئەو سیستەمەی بە زۆریی ئەو کارە بەڕێوە دەبا، و ئەو کەسە یاخود بە گشتیی ئەو منداڵانەی وا ئەو کارەیان بەسەردا دەسەپێندرێ. جیاوازیی مابەین ئەو دوو دەستەیە ئەوەیە کە لە هی یەکەمدا زۆر جار بە بی مەبەست و بە بێ پلانی پێشتر دارشتوو ئەو جنایەتانە بەڕێوە دەچن، بەڵام لە دەستەی دووهەمدا بە پلانی پێشتر داڕشتوو و بە ویست و ئاگاهییەوە ئەو کارە بەڕێوە دەچێ. بە شێکی بەرچاوی ئەو منداڵانە، مێشکیان وا دەشوشترێتەوە کە هەمان کارەسات بەسەر منداڵەکانی داهاتووی خۆیان دێنن. ئەوانەی وا هەست بە نادروستبوونی راهێنانەکەیان دەکەن، داهاتوویان لێ دەشێوێ و ئەگەر لەسەر بیر و بۆچوونەکەیان بدوێن، کێشەی کۆمەڵگاشیان بۆ دروست دەکرێ! منداڵی بێ گوناه کە بە بێ ئیختیاری خۆی و تەنیا لەسەر متمانەکردن سەر بۆ هەموو ویستێکی دایك و باب و کۆمەڵگا دادەنەوێنێ، لە ڕاستیدا دەکەوێتە بازنەیەکی شەیتانییەوە کە لێدەرباز بوونی زۆر چەتوونە.

# ئایینە ئیبراهیمییەکان

رالف والدۆ ئێمەرسۆن[1] دەڵێ: "ئایینی سەردەم و سەدەکانی پێشوو، دەبێتە سەرقاڵییەکی ئەدەبی و فەلسەفیی، بۆ مرۆڤەکانی داهاتوو."

دەتوانین بە ڕاشکاوییەوە بڵێین کە خوای یەهودییەکان و تایبەتمەندیی ئایینەکەیان وەك سەرچاوەیەکی گرنگی ئەدەبییە بۆ ئایینە ئیبراهیمییەکانی وەك مەسیحییەت و ئیسلام. بەتایبەت ئەو مرۆڤە سادە و عامییانەی کە بەهۆی نەخوێندەوارییەوە وەك لایەنگرێکی بێ دەسەلات ڕاهاتوون، لە منداڵییەوە لەگەڵ ئایینە ئیبراهیمییەکان گەورە بوون و بێ هەست کردن بە مافی هاوبەش بۆ مرۆڤەکانیتر، بە شێوەیەکی سیستماتێك و بەوپەڕی توورەییەوە، بەربەرەکانی هەموو چەشنە بۆچوونێك دەکەن کە جیاواز لەگەڵ بۆچوونەکانی خۆیان بێت و مافی ژیانی زۆربەی مرۆڤی سەر ئەم هەردە لەژێر پێ دەنێن.

لە دنیای مەسیحییەکاندا ئەو نموونەیە زۆر مەنشوورە کە کوڕی وینستۆن چرچیل بە ناوی "ڕاندۆڵف" وەك لایەنگر

[1] Ralph Waldo Emerson

و فەناتیکێکی مەسیحی، لە شەڕدا دەکەوێتە پەنا چەند هاوڕێی سەربازیی خۆیەوە. هاوڕێکانی بۆ قانعکردن و ئاگادارکرنەوەی لەسەر کتێبی ئینجیل، گرێوی لەگەڵ دەکەن کە ناتوانێ لە ماوەی چاردە رۆژدا کتێبی ئینجیل بخوێنێتەوە. ئەویش کە کوڕێکی زۆر کەللە شەق و لەخۆڕازی بووە، دەست دەکا بە خوێندنەوەی ئینجیل و لە ماوەیەکی کەمدا لە خوێندنەوە بێزار دەبێ و لە لای هەڤاڵەکانی دان بەوە دادەنی کە تا ئەوڕۆژە هەرگیز ئەو کتێبەی نەخوێندبوەوە و تەنیا وەك چیرۆك و ڕیوایەت و گێڕاوە لە لایەن کەشیشەکانەوە ئاگاداری ناوەڕۆکی ئەو کتێبە بوو.

بە ڕاشکاوییەوە دەتوانم بڵێم زۆربەی لایەنگرانی ئایینەکان، بارودۆخی کوڕی چڕچیلیان هەیە و هیچکامیان بەوردی تەنانەت کتێبە ئایینیەکانی خۆشیان نەخوێندۆتەوە! دیارە شتێکی ڕوونە کاتێ محەمەدی عەرەبی تەبلیغی بۆ ئیسلام دەکرد تەنیا بە شێوەی گێڕانەوە و ڕیوایەت، بیر و بۆچوونەکانی خۆی بۆ لایەنگرەکانی ڕوون دەکردەوە، چونکە ئەوکات کەسێکی زۆر نەبوون خوێندەوارییان هەبێت، و هیچ کتێبێکیش بە ناوی قورئان لە گۆڕێدا نەبوو. ئەو شتە لە درێژەی مێژوودا وەك خوو و خدەی لێهاتووە و تەنانەت ئەمڕۆش سەرەڕای خوێندەواریی زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵگا، چیرۆکە

ئایینییەکان هێشتا هەر بە شێوەی گۆێڕاگریی بۆ مەلا و کەشیش و رابییەکان لە مزگەوت و کلیساکاندا ڕادەگوێزرێت.

بە بێ ئەملا وئەولا کۆنترین ئایینی ئیبراهیمی و کانیاوی ئەدەبیی و مێژوویی هەردوك ئایینی مەسیحی و ئیسلام، ئایینی یەهودە. هاوکات لەگەڵ داگیرکردنی فەلەستین لە لایەن رۆمییەکانەوە، پاولووس(Paulus) ئایینی مەسیحی بۆ یەکەم جار هێنا ئەو ناوچەیە، کە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئایینی یەهود، خاوەنی روانگەیەکی تا ڕادەیك باشتر و بۆچوونی کراوەترەوە بوو. نیزیکەی شەش سەدە دواتر محەمەدی عەرەبی و جێگرەکانی بە ئیلهام وەرگرتن لە دوو ئایینی یەهودی و مەسیحی لە عەرەبستان ئایینی ئیسلامیان پێکهێنا و قورئانیان وەك کتێبێکی پیرۆزی نوێ هەر وەك گوتمان تەنیا بە شێوەی گێڕانەوە و ڕیوایەت بە خەڵکی ناساند و بە پشتبەستن بە هێزی نیزامی و زۆرەملی و هێرشکردنە سەر نەتەوەکانی دوور و نیزیك، ئایینی خۆیان بەسەر مرۆڤی ناوچەکەدا سەپاند. ئایینی مەسیحیش هەر بە هێزی شمشیر خۆی ناساند. لە هەوەڵەوە بە هێزی نیزامی رۆمییەکان و تەنیا بە زۆرەملی و هێزی چەکەمەنی و دواتر بە دەستی نەتەوەکانیتر و بە زۆریی و بە شەڕ و کوشتار، لە سەرتاسەری ئورووپا بڵاو کرایەوە.

هەر وەك مێژووی ئایین بەتایبەت لە سەدەی ناوەڕاستەوە، بۆ هەمووومان روونە، بەڕێوەبەرانی ئایینی تەنیا بە ئەشکەنجە و خستنە ترس و خۆف بۆ ناو دڵ و رۆحی خەڵكیی، توانیویانە خۆڕاگریی بكەن و خۆیان وەك مۆتەكە بەسەر شانی كۆمەڵگاوە هەڵواسن.

لەو نووسراوەیەدا كاتێ باس لە ئایین دەكرێ مەبەست ئایینە ئیبراهیمیەكانە كە هەرسێكیان لە سەرچاوەیەكەوە هەڵقوڵاون و جیاوازییەكی سەرەكییان لە باری ئیدئۆلۆژیكەوە لەگەڵ یەكتر نییە. ئەو سێ ئایینە هەرسێكیان باوەڕیان بە خودایەك هەیە كە پێكهێنەری ئۆنیوێرسام و هەموو جیهانە و خۆشی لە دەرەوە یاخود لە ناوەوەی ئەو جیهانە دەژی. تایبەتمەندیی و كارەكانی ئەو خودایە بەهۆی دۆزینەوە زانستییەكان، بە پێی كات لە لایەن ئەو سێ ئایینەوە پەیتا پەیتا گۆڕانكاری بەسەردا هاتووە. بە پێوانەی پسپۆرانی مەسیحی لە سەدەی هەژدەدا تایبەتمەندییەكانی خودا بەم شێوەیە بووە:

"لێهاتویی پێكهینەریی هەیە. لە سەرووی هەرچەشن پیداویستی و ئارەزوو، بیری تاكەكەسیی وهەستی ئومیدواریی مرۆڤەوە راوەستاوە. خودا لە زانستی فیزیک، بیركاریی و تەكنیك، موهەندیسێكی بە توانایە، یاسا و یەكەكانی ئونیوێرسامی پێكهێناوە و تەواوی ئەو كارانەی بە وردییەكی بێ هاوتا ئەنجام داوە. ئەو بۆتە هۆی

"پڕیشکەی ئاگر" کە ئێمە ئەورۆ بە ناوی تەقینەوەی مەزن نێوی لێ دەبەین. لە ئاخردا بۆ حەسانەوە، خۆی لە ئێمە دوور خستۆتەوە و لەو کاتەوە ئیتر راستەوخۆ هێچمان لێ نەبیستووە!"

بەڵگە و ئارگۆمێنت بۆ سەلماندنی بوونی خودا بە درێژایی مێژووی ئایینە ئیبراهیمییەکان لە لایەن لایەنگرەکانیانەوە بە نووسراوە و شێوەی هەمەڕەنگ، داتاشراوە. بەنێوبانگترینیان پێنج بەڵگەی تۆماس ئاکوینە[2]، کە لە سەدەی سێزدەدا نووسراوە. لەو پێنجە، سێ ئارگۆمێنتیان دەکرێ بە یەك دابنێین چونکە هەر سێکیان باس لەسەر شتێك دەکەن، بەڵام بە نووسینی جیاواز فۆرمۆلە کراون.

1. **پاڵپێوەنەر**: بێ پاڵپێوەنان هیچ جۆڵانەوەیەك لەخۆوە پێك نایە. ئەو چالاکییە دەبێ لە لایەن هێزێکەوە مسۆگەر بووبێت و ئەگەر بەدوای هۆی یەکەمینی ئەو چالاکی و وزەیەدا، بە شێوەی زنجیرەیی بۆ دواوە بگەڕێینەوە[3]، دەگەینە هێزێك کە ئێمە ناوی خودای لەسەر دادەنێین.

---

[2] Tomas Aquin

[3] Regression

2. **هۆی بە بێ هۆ** : هیچ شتێك لەخۆوە و بە بێ هۆ پێکنایەت. هەر شوێنەوارێك بەهۆی خوڵقێنەرێك پێك دێ و لێرەشدا کاتێ بەدوای هۆی سەرەکیدا بگەڕێینەوە دواوە (Regression)، دەگەین بە هێزێك کە ئێمە ناوی خودای لەسەر دادەنێین.
3. **ئارگۆمێنتی کۆسمۆکۆگی** : دەبێ لەم دنیایەدا زەمانێك بووبێ کە هێچ شتێك لەباری فیزیکییەوە بوونیان نەبووبێ. بەو هۆیەی ئەورۆ لە باری فیزیکییەوە، شت بوونیان هەیە، دەبێ هێزێك شکڵ و شێوازی بەو شتانە دابێ، کە ئێمە ناوی خودای لەسەر دادەنێین.

ئەو سێ ئارگۆمێنتانە بە گشتی بیری گەڕانەوە بەدوای "هۆ" واتە شێوەی "Regression" دێننەگۆڕی و بۆ بەکۆتایی هێنان و گەیشتن بە هۆی سەرەکیی ئارگۆمێنتەکە، دەگەڕێنەوە بۆ سەر هێزێکی پێکهێنەر واتە "خودا". بە بێ ئەوەی ئاماژەی پێ بکەن، روونە کە ئەو ئارگۆمینتانە دەتوانێ خۆدی خوداش بگرێتەوە! لایەنگرانی ئایین بیر لەوە ناکەنەوە کە دەکرێ ئەو پرسیارە بێتە پێش کە: "ئەدی خودا خۆی لەکوێوە هاتووە؟" تەنانەت ئەگەر بە پێی "Regression" بمانهەوێ بەدوای هۆی سەرەکیی و دیاریکردنی خاڵێ کۆتاییدا بگەڕێین و ناوێکیشی بۆ

بدۆزینەوە، هیچ پێویستییەک بەوە ناکا کە تایبەتمەندیی بەو ناوە بدەین، هەروەک ئایینیەکان بە خودایان داوە:

"توانایی کامیل، هێزی کامیل، زانستی کامیل، بەخشەندەیی، خۆڵقێنەرێکی تەواو و هەروەها زۆر تایبەتمەندیی ئینسانی وەك "لە گوناە خۆش بوون" و "خوێندنەوەی بیر و بۆچوونی مرۆڤ" و دیاریکردنی چارەنووس و...

دوو تایبەتمەندیی وەك: "زانستی کامیل" و "هێزی کامیل "، کە بۆ خودایان داناوە، بە ئەگەری زۆر لە دەستی زانایانی ئایینی دەرچووە، دەنا ئەو دوو تایبەتمەندییە لەگەڵ یەکدا ناگونجێن! ئەگەر خودا هەمووشتێك دەزانێ، دەبێ ئەوەش بزانێ کە بە زانستی کامیلەوە دەبێ هێزی توانایی خۆی وەك پلانێکی تەواو و بێ هەڵە بۆ دانانی مێژووی جیهان تەرخان کردبێ. چونکە مێژووەکەش دەناسێ و دەزانێ کە چۆن تەواو دەبێ، ئیتر ناتوانێ بیگۆڕێ! هەر ئەو نەتوانینەش، تایبەتمەندیی "هێزی تەواو و کامیل" دەخاتە ژێر پرسیارەوە!

بگەڕێینەوە بۆ سەر باسی "Regression"، کە بۆ بە کۆتایی هێنانی باسەکان واتە بۆ هاسانکاریی و وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی لەسەر ژیان نایانزانین،

خودا بە هۆکار دابنێین. دیارە شتێکی سروشتییە کە ئەو کات واتە لای کەم 1400 ساڵ بەر لە ئێستا نە زانستی مرۆڤ لە سەر دنیای دەوروبەر لەو رادەیەدابووە کە بتوانێ وەڵامی پرسیارەکانی پێبداتەوە و نە ئاستی زانستیی هیندە پێشکەوتوو بووە کە یارمەتیدەر بێ بۆ مرۆڤی ئەوکات. هۆکاری سەرەکیی سەر دانەواندنی مرۆڤ بۆ ئایین، لە لایەکەوە پاشکەوتوویی و نەزانیی مرۆڤ و کێشەکانی کۆمەڵگا بە گشتیی و لە لایەکیتریشەوە، بەشێکی بەرچاوی مرۆڤی ئەوکات لەژێر کارتێکەریی سیحر و جادوو و خورافات دا وەك بنیادەمی تریاکی کاس کرابوون.

4. **ئارگۆمێنتی هەڵسەنگاندن** : کاتێك سەیری ئەم جیهانە بکەین، بۆمان روون دەبێتەوە کە شتەکان هەمەرەنگن. هەروەها شتەکان و دیاردەکان بە شێوەی نەردیوان کامیل و تەواوتر دەبن. بەڵام ئەو چەشن پێوانانە تەنیا لە پەیوەندیی لەگەڵ شتێکی کامیل و تەواو دا هەڵدەسەنگێندرێن. مرۆڤ دەتوانێ کەسایەتیەکی "باش" یاخود "خراپ" بێ. کەوابوو کەسایەتییەکی کامیلی باش ناتوانێ ئێمە بگرێتەوە. بەو هۆیە دەبێ کەسێکیتر بەو تایبەتمەندییەوە هەبێ کە ئیمە بتوانین خۆمانی پێ هەڵسەنگێنین، کە ئێمە ئەو کەسە بە خودا دادەنێین.

ئایا ئەوە ئارگۆمێنت و بەڵگەیە؟ هەر بەو شێوەیە دەتوانین بڵێین: "مرۆڤەکان لەباری بۆگەنبوونی لەشەوە جیاواز لە یەکن. بۆ هەڵسەنگاندنیان دەبێ بە دوای کەسێکدا بگەڕێین کە بە شێوەی کامیل و تەواو بۆگەنیو بێ! یاخود هەر تایبەتمەندییەکیتری ئەرێی یا نەرێی مرۆڤ وەك چاکی، خراپی، تووڕەیی، بەخیلیی و ... دەتوانین بەو ئارگۆمینتە بێ تام و بێ ناوەڕۆکە بڕازێنینەوە!

5. **ئارگۆمێنتی "تێلۆلۆگی" یاخود پرۆسەی پێکهاتن :** شتەکانی ئەم جیهانە بەتایبەت گیانلەبەرەکان وێدەچێ بە شێوەیەک پێکهاتبن، کە کەسیك بە ئانقەست و پلانەوە دروستی کردبێتن. ئەگەر کەسێک ڕەنگ و شەمایەلی بە ئەو هەموو گیانلەبەرە هەمەڕەنگە نەدابێ، نەماندەتوانی ئەو هەموو جیاوازییەیان تێدا ببینین. کەوابوو دەبێ پێکهێنەرێك بوونی هەبێ، کە ئێمە ناوی خودای لەسەر دادەنێین.

هەر کەس نووسراوەکانی داروینی لەسەر پێکهاتنە هەمەرەنگییە سروشتییەکانی ئەم جیهانە خوێندبێتەوە، دەتوانێ خۆی هەڵسەنگاندنێک لە مابەین بۆچوونە بێ

ناوەڕۆك و بێ بەڵگەکانی ئایینی لە بەرابەر بۆچوونی زانستیی داروین و زانایانیتری دوای ئەو بکات.

# مرۆڤ و رێگای ژیان

سروشتییە هەر مرۆڤێک بۆچوونی تایبەتیی خۆی سەبارەت بەم جیهانە هەیە. هەرکام لە ئێمە بە شێوەی جیاواز رێگای ژیانمان دەدۆزینەوە یاخود بۆمان دیاری دەكرێ. تاقەمێك رێگای لۆجیكی و عاقلانە دەگرنەبەر و هەندێكیش كوێركوێرانە و بە بێ بیركردنەوە حەڵقەی یەخسیریی دەكەنە ملیان. برێك تایبەتمەندیی ئینسانی بەهۆی شۆڕشی پەروەسەندن، لە كاتی دایكبوونەوە هاورێی مرۆڤن و هەندێك بەهۆی ئەزموون، تاقەمێك لەژێر كارگەریی بنەماڵە و كۆمەڵگا و هەندێكیش بە شێوەیەكی سیستماتیك بۆ مەبەستێكی تایبەت رادەهێندرێن.

ئەوەش روونە كە زۆریەك لە بۆچوونەكان و تایبەتمەندییەكانی مرۆڤ هەڵەن، چونكە ئەو بۆچوونانە یا بە دژكردەوەی یەكتر دەردێن و یا دژ بە ڕاستییە لۆجیكییەكان رادەوەستن. زیاتر لە دوو هەزار ساڵ بەر لە ئێستا و لە یونانی كۆنەوە هەوڵی دۆزینەوەی سیستماتیكیی بۆ بنەمایەكی هاوبەش و گشتیی دراوە. فیلەسۆفانی یونانیی بەدوای بنەما و یاسای ئینسانیدا دەگەڕان كە بتوانێ بە شێوەیەكی لۆجیكی ژیانی هاوبەشی مرۆڤ لەگەڵ یەكتردا گرێ بدا و مافی بەرابەر بۆ هەموو ئینسان پێك بێنێ. ئەو بیرمەندانە بەو هیوایە بوون كە بە

دۆزینەوەی یاسای لۆجیكی، هەموو ناكۆكییەكانی نێوان مرۆڤ وەك خراپ لێكگەیشتن، جیاوازیی داب و نەریتی نەتەوە هەمەڕەنگەكان و بە گشتیی كێشەكانی كۆمەڵگا، چارەسەر بكەن.

ڕەنگە گەیشتن بەو ئامانجە مومكین یاخود نامومكین بێ، بەڵام بەداخەوە تا ئەوڕۆ مرۆڤ نەیتوانیوە بەو ئارەزووەی بگات. لە دنیای ئەوڕۆدا ئایین و باوەڕ و سیستەمی كۆمەڵگای هەمەڕەنگ پێكهاتوون كە تاقەمێكیان زۆر جێی مەترسین. بەتایبەت مرۆڤی یەخسیركراوی ئایین و ئیدئۆلۆژییەكان كە بازنەیەكیان بەدەوریخۆیاندا كێشاوە و ناتوانن یاخود نایانەوێ جیا لەو بازنەیە چیتر ببینن، دژ بە بیركردنەوەی لۆجیكی بۆ دامەزرانی سیستەمێكی ئینسانی ڕاوەستاون و لە ڕوانگەی ئەوانەوە بۆچوونی زانستیی تەنیا تئۆرییەكی نەسەلمێندراوە. بە داخەوە ئیدەی كاتی كۆنی یونان، تەنیا لە دنیای زانستی سروشتیی و بیركاری و فیلەسۆفیدا ماوەتەوە.

بەتایبەت ئەگەر باس لەسەر بنەماكانی ژیان، چۆنیەتیی و مانای دەستپێكی دنیای دەرەوە"ئونیوێرسام"، جێگا و ڕۆڵی مرۆڤ لەم جیهانە و ستروكتۆر و ئورگانیزەكردنی سروشت بێتە گۆڕێ، زۆربەی مرۆڤە ئایینیەكان خۆی لێ دەپارێزن و دژی ڕادەوەستن. هەر وەك دەزانین هەوڵ بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەكی دوور لە توورەیی و شەڕ و كێشە بە درێژایی مێژووی شارستانییەتی مرۆڤ،

دراوە. ئایا لە بارودۆخێکی ئاوا دا هیوای دۆزینەوەی ڕێگایەکی ئینسانی لە لایەن زانستی سروشتییەوە مومکینە؟

ئەو شتە تەواو سروشتییە کە بە تایبەت منداڵان لە ژیانی ئاسایی خۆیاندا پرسیاری زۆر بێتە مێشکییانەوە. دیارە نیزیکترین کەس بە منداڵ لەو تەمەنەدا دایك و باوکەکانن. هەموومان لە تەمەنی منداڵیدا ئەو قۆناغەمان تێپەڕ کردوە کە بە زنجیرە پرسیاری "بۆچی" پەیتا پەیتا دایك و باوکمان ناچار بە وەڵامدانەوە کردووە! سەیر ئەوەیە، لە دنیای ئایینیدا هەموو پرسیارەکان ستروکتۆرێکی هاوچەشنیان هەیە:

بۆ وێنە:

بۆچی ئیزنم نییە لە دەرەوە یاری بکەم؟ چونکە ئەگەری ئەوە هەیە، باران بباریێ. بۆچی دەبێ بباریێ؟ چونکە لە هەواڵی کەش و هەوادا وایان پێشبینی کردووە. بۆچی وایان گوتووە؟ چونکە ئەگەری هاتنی تۆفان هەیە. بۆچی ... ؟ "بۆچی"یەکان هەروا درێژەیان دەبێ، و لە زۆربەی ئەو چەشن پرسیارانەدا ئاخرەکەی بەو گوتەیە کۆتایی پێدێ: **"رۆڵە گیان چۆنکە ئەوە ویستی خودایە و ئێمە ناتوانین بیگۆڕین "**. ئایا ئەو چەشن وەڵامە سەیر و سەمەڕانە تەنیا نەزانی و نائاگایی بەرپرسانی کۆمەڵگا ناسەلمێنێ؟ لە لایەکەوە بۆ خۆ رزگارکردن لە وەڵامی دروست، هانا بۆ شتێك دەبەن کە کۆتایی بە پرسیارەکان بێنن و لە

لایەکیتریشەوە لە روانگەی ئەوانەوە، منداڵ نابێ ئەو هەستەی تێدا پەروەردە بێ کە گەورەکان نائاگا و نەزانن!

کاتێك مرۆڤی کونجکاو سەردەمی منداڵی تێپەڕ دەکا و روونکردنەوەی زانستیی سەبارەت بە پرسیارەکانی تەمەنی منداڵیی وەبەر چاو دەکەوێ، بۆی روون دەبێتەوە کە بۆ گەیشتن بە پرسیارەکانی، تەنیا بە لکاندنیان بە خودا و "چونکە ئەوە هەر وابووە و هەر واش دەمێنێ"، ناتوانێ خۆی رازی راگرێ. هەر مرۆڤێکی ئازاد نەبووبێتە قوربانی داب و نەریتی کۆن کە وەك میرات وەچە بە وەچە راگوێز دەکرێ، زۆر بە خێرایی بۆی روون دەبێتەوە: "روانگەی ئایینی لەگەڵ راستییەکانی ژیان ناتەبایە و زۆربەی بۆچوونەکانیان ناتوانن بە کردەوە بسلمێنن".

# چیرۆکی ئایین

لەکوێوە دەستپێبکەین؟ لە ئادەم و حەواوە؟ لە روانگەی ئایینەوە مێژووی مرۆڤ لەو کاتەوە دەستپێدەکات. بەڵام بڵێی ئەوە دەستپێکی هەموو شتێک بووبێ؟ یا لەو رۆژەوە دەستپێبکەین کە خودا بۆ دروستکردنی ئەم جیهانە نەخشەی حەوت رۆژەی کێشا؟ کتێبە ئایینیەکان لەو خاڵەوە دەستپێدەکەن.

یەکەمین کتێبی مووسا بەردی بناغەی ئایینە ئیبراهیمییەکان پێکدێنێت. تەنانەت تا ئەمرۆکەش زۆربەی ئایینییەکان مات و سەرسوورماوی چیرۆکەکانی ناو ئەو کتێبەن. ئەگەرچی بەگشتیی لەو کتێبەدا زۆر بە کورتیی و ساکاری باس لە پێکهاتنی جیهان کراوە، بەڵام دوو دژکردەوە لە هەواڵەکاندا دێنە بەر چاوی مرۆڤ. یەکەم هەواڵ: لەو کتێبەدا هاتووە کە مرۆڤ لە رۆژی ئاخردا لە لایەن خوداوە دروست کرا کە پێش ئەو هەموو ئاژەڵ و گیا و گژ و لێرەوارەکان دروست کرابوون. لە هەواڵی دووهەمدا هاتووە کە مرۆڤ پێش ئاژەڵ و گیاکان هاتۆتە سەر دنیا. ئەدی چۆن خۆیان تێر راگرتووە؟ دەی باشە، دەتوانین بڵێین کە ئەوان تەنیا دوو کەس بوون و توانیویانە سێ رۆژ خۆیان برسی راگرن!

بەڵام هەر بەوە كۆتایی نایە، دژكردەوە بەدوای دەژكردەوەدا دێ: لە یەكەمین رۆژدا رووناكایی دروست كرا بەڵام لە سێهەمین رۆژ دا "رۆژ" دروست دەكرێ! بڵێی ئەو كات نەیانزانیبێ كە رۆشنایی لە رۆژەوە سەرچاوە دەگرێ؟ جێی سەرسوورمان لێرەدایە كە ئایین دەڵێ خودا راستەوخۆ بەهۆی كتێبە ئایینییەكانەوە لەگەڵ مرۆڤدا دەدوێ! من ئەگەر لە جیاتی خودا بایەم بۆ گێڕانەوەی چۆنیەتی پێكهێنانی جیهان كە كارێكی سەرەكی و زۆر جیددیە، كەمێك زیاتر خۆم پێوە ماندوو دەكرد.

كاتێ مرۆڤ چیرۆك و گێڕاوەكانی ناو ئەو پەرتووكە سەیر دەكات، بۆی دەردەكەوێ كە بەو شێوە ساكارەی باس لەسەر پێكهاتنی جیهان كراوە، بە هەمان شێوەی عامیانەش گرنگایەتی بە چیرۆكەكانی وەك یەعقوب و كوڕەكانی، یۆسف و فەرعوونەكان، دراوە. كتێبە ئایینییەكان زۆرتر كتێبخانەن هەتا كتێب. نووسەری جۆراوجۆر بە درێژایی مێژوو ناوەڕۆكی كتێبەكانیان زیاد و كەم كردووە.

لەو گوتانەی وا مووسا لەسەر كێوی سینا لە لایەن خوداوە پێی گوتراوە، لە بەشی سێهەمدا هاتووە: "تۆ نابی لە بەرابەر هیچ خودایەكیتر جگە لە خودای مووسا سەردانەوێنی و ستایشی بكەی! تەنیا من، خودای تۆ، و هەموو ئەو جیهانەم!" بڵێی خودا بەخیلایەتی بە خوداكانی دیكە نەهاتبێ؟ ئەگەر ئەو تەنیا خودای ئەم جیهانە بێ، بۆچی و بە چ هۆیەك دەبێ ئەو قسەیەی كردبی؟ یا زۆر

روونتر، لە کتێبی پێنجەمی مووسادا هاتووە: "خودای ئێوە لەسەرووی هەموو خوداکانیترەوەیە و سەروەری هەموو سەروەرەکانە!"

ئەو چەشن نووسینانە کە تەنیا روانگەی مرۆڤی ئەوکات پیشان دەدات، لە قورئانیشدا زۆر بەرچاوە. بۆ وێنە لە ئایەی 6ی سوورەی قاف دا دەڵێ: "ئایا ئاسمانی سەر سەری خۆتان سەیرکردووە کە بە چ جوانییەك دروستمان کردوە و بە ئەستێرەکان رازاندوومانەتەوە و هیچ درزێکی تێدا نییە!"

بڵێی ئەو خودایەی کاکەشان و ئونیوێرسامی پێکهێناوە نەزانێ ئاسمان سەربان نییە کە درزی تێدابێ!

بە ڕاشکاوییەوە خوڕافات و گێڕاوە کۆنەکانی نێو خەڵکانی وڵاتانی دەور و بەر وەك بابیلی و میسرییەکان، کارتێکەرییەکی راستەوخۆیان لەسەر پێکهاتنی ئایینی مووسا بووە. یەك لە سەرچاوەکانی ئایین کە 1700 ساڵ پێش زایین بە شێوەی بەیت و شیعر گوتراوە و کارێکی ئەدەبییە، دەڵێ:

"لە هەوەڵەوە دوو کەس بوون بە ناوی ئاپسوو(Apsu) دایك و تیامەت(Tiamat) باوك. تیامەت دەریا بوو، ئاوێکی سوێر کە تۆخێك لە دەوری هالابوو. ئەو تۆخە زەوی بوو. زەوی جلی بووکێنیی ئەو بوو.

ئاپسوو، مێردی تیامەت، خۆشەویستەکەی، ئاوی شیرین، ئاوی ئاسمان بوو. جل و بەرگی زەماوەندەکەی لە هەوری ئاسمان پێکهاتبوو. کاتێك تیامەت و ئاپسوو نیزیکییان دەکرد، باران بەسەر زەویدا دەباری. لە سەر زەوی گوڵ و دار دەڕوان و شین دەبوون، وڵات سەوز دەبوو و میوەی سەر دارەکان دەگەییین.

هەموو جارێك کە تیامەت و ئاپسوو لەگەڵ یەك دەنووستن، تیامەت زگی پڕدەبوو. ئەو هەر جارەی بوونەوەرێکی لێ دەبوو. ئەو بوونەوەرانە هەرجارەی جۆرێك بوون و جیاوازییان لەگەڵ بوونەورەکانی پێش و دوای خۆیان هەبوو: هەموو شتێك تا ئەورۆ، هەموو بوونەوەرێك لەوان کەوتوونەتەوە!

بوونەوەرەکان هەر کامیان وەك ئیدەیەك بوون. هەموو ئیدەکان لە لایەن تیامەت و ئاپسووە پێکهاتبوون. ئیدەی زۆر مەزن وەك: ئیدەی خۆشەویستیی، ئیدەی شەڕ، ئیدەی مردن، ئیدەی هیواداربوون، ئیدەی ڕووناکایی، ئیدەی کات. بەڵام ئیدەی ئاسایی تریشی لێ زیاد کرابوو وەك: ئیدەی کورسی و مێز، ئیدەی خانووبەرە و ئیدەی ڕاگرتنی مەڕ و ماڵات و ئیدەی ئایین و ...

ئەو ئیدانە دنیایان پڕ کرد، ئوقیانووسەکانیان پڕ کرد، و هەروەها ناو بۆشاییش؛ دەنگ و هەرایان پێك هێنا، دەنگیان زۆر بەرز بوو؛ دژ بەیەکتر بەربەرەکانییان لەسەر باشترین

پلە دەکرد. هەرکام لە ئیدەکان بۆخۆیان دنیایەك بوون؛ دنیاکان بەربەرەکانیان لەگەڵ یەکتردا دەکرد.

کاتێك گەیشت کە ئەو هەموو بێنە و بەردانە بۆ ئاپسووی باوك ئیتر زۆر ماندوویی هێنەر بوو؛ دەنگەکان بۆی زۆر بەرز بوون. بیری لەو کاتە دەکردەوە کە لەگەڵ تیامەتی ژنی بەتەنیا دەژیان. ڕۆژێك ڕووی لە تیامەت کرد و گوتی:

ئێمە چی لەو بوونەوەرانە بکەین؟

تیامەت: هەموویان لە زگی من کەوتوونەتەوە.

ئاپسوو: ئایا بەو هۆیە دەبێ هەموویانمان خۆش بوێت؟

تیامەت: نا.

هاتنە سەر ئەو باوەڕە کە هەموو ئەو بوونەوەرانە لە دنیای خۆیان جیا بکەنەوە. بە خۆیان گوت: دەبێ ئاوەکانمان تێکەڵ یەك کەین!

تۆ، تیامەت، لێگەڕێ با ئاوی دەریا زۆر بێ.

تۆ، ئاپسوو، هەموو بارانەکەت ببارێنە.

ئەوان پلانی یەکەمین سێڵاویان دارِشت؛ ئەوان ئیدەی سێڵاویان پێکهێنا؛ ئەوان پلانەکەیان وا دارِشتبوو کە هەموو ئەو بوونەوەرانە لە سێڵاوەکەدا بخنکێنن.

بەڵام لەو بوونەوەرانەدا هی وایان تێدا هەڵکەوتبوو کە زۆر باش خۆیان ڕاهێنابوو. لەوانە یەکیان ناوی "ئێیا" Ea بوو کە دژ بە ئاپسوو ڕاوەستا و لە شەڕێکدا ئاپسووی کوشت. ئێیا شمشێرەکەی بە گورجییەکی یەکجار زۆر لە دەوری سەری هەڵسووڕاند و بەو شێوەیە وەك چەترێك بارانی ڕاوەستاند.

باوکی خۆی واتە ئاپسووی بریندار کرد، کە هێندەی خۆێن لەبەر چوو، هەتا مرد. تیامەت بەو کارەی "ئیا" زۆر تووڕە و خەمناك بوو. بە ئاوەکەی سێڵاوی پێکهێنا و "ئیا"ی لەناو برد. بەڵام "ئێا" کوڕێکی بوو کە زۆر بە رەق و تووڕەییەوە پەروەردەی کردبوو. کوڕەکەی ناوی ماردووك "Marduk" بوو. ماردووك شەڕی پێکهێنا. ماردووك دوو روخساری هەبوو. یەك لە پێشەوە و یەکیش لە دواوە. روخساری پێشەوەی پیاوێکی نیشان دەدا و ئەوی دواوە ژن بوو. چوار چاو، چوار گوێ. ماردووك هەمووشتێکی دەبینی و دەیبیست.

ماردووك، ماردووکی شەڕ، خۆی بۆ بەربەرەکانی دژ بە تیامەت ئامادە کرد. رەش وڕووتێکی زۆری لە دەوری خۆی کۆ کردبۆوە. بەڵام تیامەتیش ئامادەی شەڕ بوو، بوونەوەرێکی زۆری هێنابووە ریزی خۆی. دوو لەشکر دروست ببوون. ئەو بوونەوەرانەی هەبوو و نەبوو، بەسەر ئەو دوو لەشکرەدا دابەش کرابوون.

لە نێوانیاندا شەڕ دەستیپێکرد. لەو چیرۆکەدا وا دەگێڕدرێتەوە کە ماردووك لێوەکانی سوور کردبوو. خۆی رازاندبۆوە و بەو شێوەیە دەیهەویست تیامەت بترسێنێ. وەك پاشایەك وابوو، ژنڕاڵێك بوو.

تیامەت، دایەگەورە، تیر و کەمان بە دەستەوە، لەسەر عەڕابەیەکی رازاوە لە بەرانبەر ماردووك راوەستابوو.

لەپێشدا دەستیان کرد بە جنێودانی یەکتر؛ دواتر بوو بە شەڕ؛ لەشکرەکان تێکەڵ یەکتر بوون. دەستەی ماردووك، ماردووکی شەڕ، لە لەشکری تیامەت، لەشکری دایەگەورە، بە هێزتر بوون. ماردووك تۆڕێکی بۆ دایەگەورە حەوا دا. لە تۆڕەکەی خست و بە عەرزی دادا. خۆی بۆ دانەواند و لە کونی لووتییەوە فوی کردە زگییەوە. هێندەی فوو تێکرد هەتا لێك پرژ و بڵاو بۆوە. بەو شێوەیە ژیانی تیامەت کۆتایی پێهات. لاشەی تیامەتی کردە دوو لەت. بەو جۆرە ئاوی ئاسمان و زەوی لێك جیا کردەوە. بەڵام ماردووکیش لەو شەڕەدا بریندار ببوو. برینەکەی سارێژ نەکرا و ئەویش مرد.

لە سەرەتای ئەم گێڕانەوەیەدا گوتمان بوونەوەرەکان هەر هەموویان بەسەر دوو لەشکری تیامەت و ماردووکدا دابەشکرا بوون! بەڵام راستەکەی ئەوە نەبوو. لێرەدا باسی یەکیتر لەو بوونەوەرانەمان نەکردوە.

جگە لە بوونەوەرەکانی دوو لەشکرەکەی تیامەت و ماردووک بوونەوەرێکیتریش هەبوو کە نوێنەری ئیدەی کات بوو. ئەو بوونەوەرە چونکە نوێنەری کات بوو و داهاتوو، رابردوو، و ئێستاشی دەگرتەوە، و بەو هۆیەی پێشبینی کردبوو کە لەو شەڕەدا هەموو دەکوژرێن و بریندار دەبن، بەشداری ئەو شەڕەی نەکرد.

سەیر ئەوەیە کە ئەو بوونەوەرە واتە "کات" لە ڕیوایەت و میتۆلۆجی یوونانی کۆنیش دا بە ناوی "پرۆمێتێهیۆس" Prometheus هاتووە. لەوێشدا "پرۆمێتێهیۆس" لە شەڕی تیتانەکان دژ بە خوداکاندا بەشدار نابێ. ئەوێش لەو ڕیوایەتە یونانییەدا هەر نوێنەری کاتە و تەنانەت پێشبینی چۆنییەتیی تەواوبوونی شەڕەکەشی کردووە.

"کات" لە دەرەوەی ئەو مەیدانە شەڕە راوەستاوە و سەیری مردنی ئەو بوونەوەرانە دەکات. بۆ ئەوەی گیانی خوێناوی نەبێ، دەستی بە چاویەوە گرتبوو و هەموو پشتدەستی خوێناوی ببوو.

کاتێك شەڕ کۆتایی هات، بوونەوەرەکان یا مردبوون و یا بریندار کەوتبوون. لەو ناوەدا تەنیا کات بە ساغی مابۆوە. کات نێوی زۆری لەسەر دانرابوو، کە یەك لەو ناوانە، ناوی "خودا" بوو.

لە رەوایەتە کۆنەکاندا هاتووە:

لەو بارودۆخەدا روحی خودا، بەسەر ئەو نارێکوپێکی و ئالۆزییەدا دەسووڕێتەوە، بەسەر "توهوو" و "بوهوو" دا.

"توهوو" و "بوهوو"، ئەو دوانە، خاڵی ژێرەوەی تاریکن، پڕشنگێکی ناسکی رووناکایین، ناهومێدی و هومیدوارین. ئەو بێ سەر و بەرییە، ئەو ناڕێکوپێکییە، ئەو ئالۆزییە و ...

هەمووشتێک دەگرێتەوە، بەڵام هەمووشتێك بە فۆڕمی نارێکوپێك. کاتێك خودا بەسەر ئەو نارێکوپێکییەدا دەسووڕاوە، هاتە سەر ئەو بڕیارە کە لە سەڕراوە رێك و پێکیان بکاتەوە. لە گێڕاوەکاندا، لە میتۆلۆژیدا، تەنانەت لە چیرۆکەکانی ناو کتێبە ئاینییەکان بەتایبەت لە ئینجیلدا بۆمان روون دەبێتەوە کە خودا دیاردەکانی ئەو دنیایەی پێک نەهیناوە و بەڵکوو تەنیا رێك و پێکی کردوون. ئەو، تەنیا یەك شتی پێکهیناوە: "وڵاتێك دەبی دروست بکەم" خودا گوتی، کە وەك کات بێ کۆتایی بێ، وا جوان و رازاوە بێ کە داهاتوو و بە بێ ئەوەی شەرم لە خۆی بکات، ئاوڕ بۆ رابردوو بداتەوە.

کاتێ خودا لەو بارودۆخە وێنەیەکی بۆ خۆی دروست کرد، هەستی کرد کە پشتی دەستی وەخورین کەوتوون! ئەو کات بینی کە خوێنی شەڕکەرەکان لەسەر دەستی بوونەتە پیت و وەکوو خاڵی کوتراو، نووسراوەیان پێکهیناوە. لەپڕێکدا ئەو پیتانە هەوڵیان دا لەگەڵ خودادا بدوێن.

"ئێمە دەمانهەوێ یارمەتیت بدەین"، پیتەکان گوتیان.
"بۆچی پێتانوایە من پێویستیم بە یارمەتیی ئێوە هەیە؟" خودا پرسیاری کرد.
"تۆ دەتەوێ ئەو شتانەی لە شەڕ بەجێ ماون، جێ بە جێ بکەی"، پیتەکان گوتیان. و ئێمە، ئێمەش لەو بەرماوانەی شەڕ پێك هاتووین."

خودا قسەکەی سەلماند و گوتی من یارمەتیی ئێوە وەردەگرم.

"ئەرکەکەت لە منەوە دەست پێ بکە" پیتەکان هەرکام لە لایەکەوە هاواریان دەکرد! لە منەوە! لە منەوە!

بە گوتەیەکی سیحراوی خودا دەتوانێ ئەو شتەیان لێ دروست بکات، کە لە داهاتوودا دەبێ ببن. هەرکام لە پیتەکان هەوڵیان دەدا کە ببنە ئەو وشە سیحراوییە.

هەر وەك دەزانین، پیتە عیبرییەکان وەك ژمارە وان، هەتا بەرەو کۆتایی پیتەکان بڕۆین، ئەندازەی ژمارەکان گەورەتر دەبنەوە. ئاخرین پیتەکان، بە هۆی گەورەبوونی ژمارەکانیانەوە، پێیان وابوو کە لە هەموو ئەوانیتر گرنگتر و بەکەڵکترن. ئەوان شەرتیان دادەنا. زۆر سەر شێت و بێ شەرم بوون. پیتەکانیتر هیچکامیان رازی نەبوون!

خودا وردە وردە پیتەکانی لەسەر دەستی خۆی پاك دەکردنەوە و دەیگوت: "پێکهێنانەکەم لە ئێوەوە دەست پێناکەم!" لە کۆتاییدا تەنیا دوو پیت مانەوە. پیتی "بێت" Beth و "ئەلف" Aleph . "بێت" دووهەمین پیتە و نوێنەری ژمارەی دووە. هەروەها پیتی "بێت" سیمبۆلی خانووبەرەیە.

"بێت" گوتی: پێکهێنانەکەت دروستکە، بەو جۆرەی بۆت دەکرێ، بەڵام وەك "ماڵێك" دروستی کە.

بۆچی؟ خودا پرساری لێکرد.

چونکە خانووبەرە شتێکی باشە.

بۆچی؟

چونکە خانوو دژ بە ناڕێکوپێکییە! ماڵ هەمووشتێك بە ڕێکوپێکی لە خۆ دەگرێت. پێکهاتنەکەت کاتێ باش و بە سەمەر دەبێ، کە بتوانێ دژ بە ناڕێکوپێکییە، ڕێکوپێکیی پێکبێنێ. پێکهاتنەکات بە پرنسیپی پیتی "بێت" دەست پێ بکە، تا وەك کات بۆ هەمیشە بمێنێتەوە.

ئەو گوتانە بە دڵی خودا بوون. خودا گوتێ: "من کارەکەم بە تۆ دەستپێدەکەم." دواتر ڕووی لە "ئەلف" کرد. ئەدی تۆ؟ تۆ چیت بۆ من پێیە؟

"ئەلف" گوتی: من ژمارەی یەکم. بە من هیچ دروست نابێ. من هەمووشتێکم و هیچیش نیم. من سنوورم بۆ کەس نییە. من تەنیا بۆ خۆمم، تەنیا و بێ کەس. ناڕێکوپێکیی ناناسم و پێشم خۆش نییە پەیوەندیم لەگەڵیدا هەبێ.

ئەدی پەیوەندیت لەگەڵ چیدا هەیە؟ خودا لێی پرسی. پێتخۆشە پەیوەندیت لەگەڵ چیدا هەبێت؟

لەگەڵ تۆ، هەڵمگرە و بمکە بە نیشانەی خۆت.

خودا ئەو قسەیەی پێ خۆش بوو و "ئەلف"ی وەك نیشانەی خۆی هەڵگرت. خودا یەکە. ئەو تەنیا کەسە. لە پەنایدا کەسیتر نییە. کەس لە سنووری ئەو تێناپەڕێ. ئەو هەمووشتێکە و هیچیش نییە. بەو شێوەیە خودا دەستی کرد بە ڕێك و پێککردنی ناڕێکوپێکیی.

بەپێچەوانەی کتێبە ئایینییەکان، خوڕافات و گێڕاوەکان دەڵێن کە خودا لە هەوەڵەوە نەیدەزانی، چلۆن ئەو کارە بکات. ئەو بە تاقیکرنەوە دەستیپێکرد. تاقی دەکردەوە و

بیری لە "بێت" و مەرجەکەی دەکردەوە کە پێی دابوو. " پێکهاتنەکات بە پرنسیپی پیتی "بێت"ەوە دەست پێ بکە، تا وەك کات بۆ هەمیشە بمێنێتەوە."

لەپێش هەمووشتێکدا ئاور و بەفری دروست کرد. بەڵام ئەو دوانە دژبەری یەکتر بوون. دواتر حەوت ئاسمان و حەوت دەریای لە قوڵەکانییەوە دەرهێنا و بە جوڵانێ پێکردنیان ویستی رێکوپێکیان کات، بەڵام ئەزموونەکەی بە دڵ نەبوو.

یەك لە گێڕاوەکان دەڵێ: خودا دوای نۆسەد و هەفتا و چوار تاقیکاریی توانیویە ستراتیژییەك بۆ پێکهینانی دنیا بدۆزێتەوە. مرۆڤ چۆن ئەو حیسابەی کردوە؟ کەس نازانێ! بەڵام وادیارە خودا دوای ئەوهەموو تاقیکارییە، رێگایەکی دۆزیبێتەوە کە چلۆن لە نارێکوپێکی رێکوپێکی دروست دەکرێ! ئەو پلان و نەخشەیەکی بۆ ئەو مەبەستە کێشا، کە دەبوو لە حەوت رۆژدا دنیا پێك بێنێ!

پێش ئەوەی پلانی حەورۆژەی خودا بە وردی چاوەدێریی بکەین، با نارێکیوپێکییەکە جارێکیتر سەیر کەین. نارێکوپێکی لە چی دروست ببوو؟ لە تێکرووخاویی، بریندارەکان، لێدراوەکان و هێزە لێسەنراوەکانی شەری نێوان تیامەت و ئاپسۆ. ئەو بەرماوانە هەرکام بۆخۆیان زانیارییەك بوون و هەرکام لەوان نوێنەرایەتیی

ئیدەیەکیان دەکرد. بەهێزترین ئیدە، چونکە لە شەڕەکەدا بەشداریی نەکردبوو، هەمان "کات" بوو. بەڵام تێکرووخاوەکان، بریندارەکان، لێدراوەکان و هێز لێسەنراوەکانییش هێشتا هەر مابوون کە سەر لێشێواو لەو ناوەدا هات و چۆیان دەکرد و ناڕێکوپێکییان دروستکردبوو! بەهێزترین ئیدەی ئەو سەرلێشێواوانە ئیدەی تیشك بوو کە ناوی هێلێل بن شاخار "Helel ben Schachar" یان لێ نابوو. هێلێل بن شاخار کوڕی پڕشنگی سووری بەرەبەیان، هەڵگری تیشك بوو. ئەو مەترسیدارترین رقەبەر بوو بۆ خودا. بۆ ئەوەی پێش بە کێشە و شەڕێکی نوێ بگرن، خودا "هێلێل بن شاخار"ی کرد بە وەزیری دەستە راستی خۆی. خاڵی یەکەمی پلانی خودا رازی ڕاگرتنی "هێلێل بن شاخار" بوو، هەر بۆیە:

یەکەم رۆژی پلانەکەی خودا بە پێکهاتنی تیشك ناوی دەرکردووە.

"هێلێل بن شاخار" چ ناوێکی جوان! کاتێ ناوی ئەوم بۆ یەکەم جار وەبەر چاو کەوت، تەواوی رۆژ ئەو ناوەم لە سەر زار بوو!

رۆژی دووهەم، خودا ئاوەکانی لێك جیا کردنەوە. ئاوی سەرەوە و خوارەوەی دیاری کرد و زەوی لە ئاو دەرکێشا دەرەوە!

رۆژی سێهەم کارێکی کرد کە هەر وەستا یا کارزانێکی تریش بوایە، هەر ئەو کارەی دەکرد، واتە دروستکردنی

مودێلێك. لە سەر زەوی راوەستا و تا چاوی هەتەری دەکرد، ناوچەیەکی گەورە و مەزنی دیاری کرد. ئەو ناوچە دیاریکراوە بە جێگای ئیدئال، یا بەهەشت نێودێر کرا. ئەو دەیویست بە پێچەوانەی مەرجەکەی لەگەڵ "بێت" ی دووهەم پیت، جێگایەکی ئیدئال و گونجاو دروست بکات. "بێت" پێشتر پێی گوتبوو: "نەك بە شێوەی ئیدئال بەڵکوو کارێکی ناتەواو، بۆ ئەوەی تێگەیشتن لە پێکهاتنەکەی ساکار بێ!

بەڵام خودا دەیهەویست لای کەم شتێکی ئیدئال تاقی بکاتەوە!

لە بەهەشت جوانتر نەبووە و ناشبێ! بەهەشت زۆر تاریك بوو. هەر شتێکی تاریکیش جوانە، بەڵام جوانییەکەی بەهرەی بۆ کەس نەبوو! هەر بەو هۆیە خودا داوای لە "هێلێل بن شاخار" کرد کە رۆشنایی بە بەهەشت بدا! "هێلێل بن شاخار" هاتە ناو بەهەشت، باغێکی جوان و رێك و پێك بوو. بە ئەڵماس و یاسەمین و کریستاڵ رازابۆوە. "هێلێل بن شاخار" لە ناوەڕاستی ئەو باغە رازاوەیەدا راوەستابوو، ئەو جێگایەی خوداش بۆ پێکهێنانی، لێی راوەستابوو. قاچی لەو جێگایە دانا کە خودا قاچی تێدانابوو، تیشکی خۆی بەسەر باغەکەدا پرژاند. کە سەیری جێ قاچەکەی خۆی کرد بۆی روونبۆوە کە جێ قاچی خودا تەنیا بڕێك لە هی خۆی گەورەتر بوون!

لەبەرخۆیەوە گوتی: "باغێكی زۆر جوانە". بەڵێ، تا ئێستا جێی وا جوان لە هیچ جێگایەك نەبینراوە و ناشبینرێ! بەڵام بە بێ من، بە بێ پڕشنگی رووناكایی من، ئەو باغە هیچ و پووچە! من، من بە تەنیایی جوانیم بەو باغە داوە! هەمیسان جێی قاچی خودای سەیر كردەوە!

ئەو لەبەر خۆیەوە گوتی: تەنیا بڕێك جێ قاچی خودا لە هی من گەورەترە! كەس هەست بەو تۆزە جیاوازییە ناكا! "هێلێل بن شاخار" هاتە سەر ئەو بڕیارە كە بەربەرەكانی لەگەڵ خودا بكات. ئەو بە هەمووهێزی خۆیەوە بانگی كرد: "دنیای نوێ: من لەسەر تەختی خودا دادەنیشم! من حوكمرانی دەكەم!"

"هێلێل بن شاخار" پێی وابوو تاقمێك لەو بوونەوەرانەی وا دوای شەڕ، سەرلێشێواو دەسووڕانەوە، دژ بە خودا بێنە ریزی خۆیەوە! رەنگە هەر واشی لێ بهاتایە و ئەورۆشی لەگەڵ بێ، "هێلێل بن شاخار" بیتوانیبایە بەسەر دنیادا حوكمرانی بكات، ئەگەر یەك لەو بوونەوەرانە بە ناوی "فریشتە" بە لایەنگریی خودا و بە شمشیری ئاگرینەوە دژایەتی ئەوی نەكردبایە!

ئەو فریشتەیە بەسەر "هێلێل بن شاخار" دا نەڕاندی: "كێ وەك خودایە؟"

بەو گوتەیە ناویخۆی دیاریی كرد، چونكە "كێ وەك خودایە" ناوی "میكائیل"ە، ئەو، فریشتەی سەرەكی، واتە "میكائیل" Michael بوو.

خودا هەورەتریشقەیەکی لە "هێلێل بن شاخار" دا و نوقمی عەرزەکەی کرد! بەو بەعەرزدادانە دەرکەی جەهەننەم کرایەوە، و "هێلێل بن شاخار"ی تێکەوت. لە جەهەننەمدا "هێلێل بن شاخار" وەك سەرشێت، بەوپەڕی ڕق و قینەوە، تا ئەوڕۆش هەر ماوەتەوە. لەگەڵ ڕۆچوونی بۆ ناو جەهەننەم، بەشێکی بچووکی ئاسمانی بە دەستی هەڵقەند و لەگەڵ خۆی بردیە ناو جەهەننەمەوە، و تا ئەوڕۆش برینەکەی ئاسمان هەر سارێژ نەبۆتەوە. تەنانەت لە شەوی مانگەشەواندا بە روونی ئەو برینە دەبینرێ. ئەوە ڕێگای شیرییە!

بەهۆی ئەو لەتە ئاسمانەی وا "هێلێل بن شاخار" بە دەستیەوە لەگەڵ خۆی بردییە ناو جەهەنەمەوە، لە داهاتوودا هەر کات پێی خۆشبوایە دەیتوانی خۆی بۆ لای ئاسمان راکێشێت!

ڕۆژی چوارەم، لە کتێبە ئایینیەکاندا هاتووە، خودا ڕۆژی پیکهینا. چونکە ڕۆشنایی لەگەڵ ڕۆچوونی "هێلێل بن شاخار" بۆ ناو جەهەنەم، ئیتر کۆتایی پێهات! دنیا دەبوو ببینرێ! هەر لەبەر ئەو هۆیە خودا ڕۆژی دامەزراند! ڕۆشناییەکی نوێ بۆ کارە مەزنەکەی، واتە پێکهینانی دنیا! بەدوای ئەودا گیا و لێرەوار و ئاژەڵی دروست کرد.

بەری دەستی هەمیسان وەخورین کەوت! پیتی "بێت" سڵاوی لە خودا کرد و گوتی: "بینیت، ئەوجێگایەی تۆ لە باغی بەهەشتدا لێی راوەستابووی، دارێکی لێ شین بووە.

ئەو دارە لە جێگا پێی تۆ و "هێلێل بن شاخار" رواوە. ئەو دارە دەبی بۆ هەمیشە وەبیرت بهێنیتەوە کە قەولت بە من داوە، دنیای خۆت بە پرەنسیپی من پێکبهێنی، چونکە هیچ شتێکی ئیدئال بوونی نییە! ئەو دارە لە ناوەڕاستی بەهەشتدا میوە دێنێ، و ئەو میوانە دەبنە نوێنەری چاکە و هەروەها خراپەش! هەر کەس لەو میوانە بخوات، فێری "چاکە" و یاخود "خراپە" دەبێت!

سەر لە بەیانیی رۆژی شەشەم، خودا سەیری کارەکەی خۆی کرد و گوتی: من زەویم بە شێوەیەکی نوێ، رێك وپێك کردەوە. من ئاسمانم بە شێوەیەکی نوێ، رێك وپێك کردەوە. من لە بوونەوەرە سەرلێشێواوەکان فریشتەی سەرەکی و فریشتەی ئاساییم دروست کرد. تەنیا یەکیان لێم دوور بۆوە و لە بەرانبەرمدا راوەستا. هەروەها من چاکە و تووڕەییم لێك جیا کردەوە.

من دەبێ دان بەوەش دابنێم کە هیچ شتێکی تازەم پێك نەهێناوە. من تەنیا شتە کۆنەکانم رێك و پێك کرد و ساغم کردنەوە. لەوە زیاتر شتێکم نەکردووە.

خودا هاتە سەر ئەو باوەڕەی کە دەبێ شتێکی تازە دروست بکات. ئەو، ئێوارەی رۆژی شەشەم مرۆڤی دروست کرد. مرۆڤ کاری مەزن و نوێی خودا بوو. خودا پێی خۆش بوو کە لەو گیانلەبەرانەی دروستی کردوون، یەکیان بەسەر هەمووئەونیتردا حاکم بێ!

# ئادەم و حەوا

لە روانگەی ئایینیەکانەوە، خودا خۆڵی سەر زەویی هەموو قوڕنەکان تێکەڵ دەکات، کۆگایەکی لێ دروست دەکا، تفی لەسەر رۆدەکا، لێکی دەدا، خۆشی دەکات و فۆرمی پێدەدا و مرۆڤی لێ ساز دەکات! خودا ناوی ئەو مرۆڤەی یەکەمی نا "ئادەم". ئادەم لە ناوی زەوییەوە هاتووە: "ئاداما" Adama.

خودا لە هەوەڵەوە ئادەمی زۆر گەورە ساز کرد. ئەو ئادەمە مەزنە لەسەر زەوی راکشابوو، ئەو سەر و ئەمسەری زەوی گرتبۆوە، لە باکوورەوە هەتا باشوور، دەستەکانی لە رۆژهەڵاتەوە تا رۆژئاوای داگرتبۆو.

بەڵام ئادەم گیانی لەبەردا نەبوو!

خودا وەبیری هاتەوە کە لە شەڕی نێوان تیامەت و ماردووك دا، ماردووك فووی کردە ناو کونی لووتی تیامەت و بەو جۆرە کوشتی.

خودا لەگەڵ "بێت" دوو جار قسەی کرد و گوتی: "ئەوە راستە؟ ژیان و مردن دژبەری یەکن؟"

"بێت" گوتی: "راست وایە!"

بێت پرسیاری کرد: سەرەڕای ئەوەش، ئایا بەهۆی پرنسیپەکەوە تەنانەت ئەو دژبەرانە دەتوانن یەك بگرن؟

"دەکرێ"، خودا گوتی، بەو پرنسیپەی گیان وەردەگیرێ، هەر بەو شێوەیەش دەکرێ گیان بدرێ.

ئەو فوی بە کونی لووتی ئادەمدا کرد و بەو شێوەیە ژیانی پێ بەخشی.

بەو هۆیەی خودا پێشبینی کردبوو کە رۆژێك دادێ، ئادەم شك لە رۆحی خۆی دەکا و رۆحی خۆی لە لەشی جیا دەکاتەوە، رۆحی لە قووڵایی لەشیدا جێکردەوە. ئەمجار دەستیکرد بە رێك و پێك کردنی ئادەم. ئادەم هێندە زەلام بوو، کە شانی لە هەورەکان دەخشان. خودا سەیری ناوچاوی ئادەمی کرد. هێندەی سەیر کرد هەتا شێوازی ڕوخساری خودا لەسەر ئادەم دروست بوو. بەو شێوەیە خودا ئادەمی لە شکڵ و وێنەی خۆی دروست کرد.

کاتێك مرۆڤ سەیری ئاوێنە بکات: خودای تێدا دەبینێت؟

لە کۆنەوە گوتوویانە: حاڵەتێکی رێژەیی لە نێوان جوانیی وێنەکاندا هەیە. دەگێڕنەوە، "راحل"Rahel ژنی یەعقووب جوانترین ژنی سەردەمی خۆی بووە. بەڵام ئەو "راحل"ە جوانە، بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ "سارا" Sara ی ژنی ئیبراهیم، وەك مەیموون وابووە. سارا تەنانەت لە تەمەنی سەد ساڵەشدا هێندە جوان بووە کە فیرعەونی میسر لە سۆیی ئەو چۆتە سەر ئەژنۆ و سەری لەبەر دانەواندووە. ئەگەر هەڵسەنگاندنی سارا لەگەڵ حەوا بکرێت، یەکەمین ژن وەك ناحەزترین ژنی دنیا بووە.

"حەوا"ش بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئادەم دەبی وەك ناحەزترین ئاژەڵی دنیا بووبێ!
خودا هەر بەو جۆرەی لەگەڵ "بێت" پێکهاتبوو، نەیویست زیندەوەرێکی تەواو و کامیل ساز بکات بەڵکوو لەسەر پرنسیپی یەکیەتیدا مایەوە و هەوڵی دروستکردنی زیندەوەرێکی تەواو و کامیلی نەدا!

خودا لەبەر خۆیەوە گوتی: من هەوڵی خۆ پێوە ماندوو کردن لەسەر قەول و قەرارەکەم نادەم. ئەو شتەی دەمهەوێ دروستی بکەم، بەو شێوەیەی دروست دەکەم کە خۆم پێم باش بێ. ئەو ویستی ئادەم تاقانە و بۆ هەمیشە ساز بکات. تەمەنی هەمیشەیی بداتێ و بە تەنیای بهێڵێتەوە، چونکە جووت تەنیا لەو جێگایە بوونی هەیە کە ژیانی هەمیشەیی نەبێ. خودا هەستی بەختەوەریی بە بوونی ئادەمەوە دەکرد.
کاتێك ئادەم هەستا سەر قاچەکانی، فریشتەکان ترسیان تێ کەوت. تاقمێك لەوان دەیانگوت: " ئادەم لە بەرانبەر خودا دا رادەوەستێ! ئادەم خۆی بۆ هێرش ئامادە دەکا و تاقمێکیش لە ترسان خۆیان لێ دەشاردەوە.
بەڵام خودا گوتی: "هەرکەسێك، کە منی خۆش دەوێ، رەنگە تەنیا ترسی لە ئادەم هەبێ. ئەو کەسەی منیشی خۆش ناوێ، دەبێ ترسی لە غەزەبی منیش هەبێ." بەوجۆرە فریشتەکان خۆیان کێشا دواوە و هەرکام لەسەر

جێی خۆیان دانیشتنەوە. فریشتەکان جارێك سەیری یەکتریان دەکرد و جارێکیش چاویان لە خودا دەبڕی. لەپڕێکدا زەوی بۆ یەکەمین و ئاخرین جار هاتە قسە و لە خودای پرسیار کرد: "چۆن دەتوانم ئەو بوونەوەرە تێر بکەم؟"

"ئەو خۆی لە میوە و بەرهەمەکانت تێر دەکات". خودا وەڵامی دایەوە.
"رەنگە لەشی ئادەم بتوانی خۆی لە میوە و بەرهەمەکانم تێر بکات، ئەدی رۆحەکەی بە چی تێر دەبێ؟"
بۆ وەڵامی ئەو قسەیەی زەوی، خودا خەوی دۆزییەوە. گوتی: "من نازانم کە ئایا رۆح برسی دەبێ یان نا، ئەگەر واشبێ، بە خەوتن تێری دەکەم."
دوای تێپەڕبوونی نیوەڕۆژێك، لەشی ئادەم هەستی بە برسیەتیی کرد. ئادەم دەستیکرد بە خواردن. هەتا نیوەڕۆ نیوەی خواردەمەنی سەرزەوی تەواو کرد. لای ئێوارێ هەمیسان برسی ببۆوە.
"ئەگەر ئادەم ئەو نیوە خواردەمەنییانەی ماونەتەوە بخوات، دوو رۆژیتر لە برسان دەمرێ!" میکائیل، فریشتەی سەرەکی بە خودای گوت.
ئەدی دەبێ چ بکەم؟ خودا گوتی.
چکوولەی کەوە.

لەسەر ئەو وەڵامەی میکائیل خودا بەشێکی گەورەی خۆڵی لەشی ئادەمی لێکردەوە هاتا لە دار بچووکتر بۆوە. خۆڵ و قوڕە بەجێماوەکەشی لە بەر دەرکەی بەهەشت قەڵاپەچین کرد.

دوای ئەوانە خودا ئیزنی هاتنەژووری بە فریشتەکان دا. ئەو بە فریشتەکانی گوت: سەیر کەن! ئەوە خۆشەویستی منە! من ئەوم خولّقاندووە، من! من پێمخۆشە، ئێوە سوجدە بۆ ئادەم بەرن. ئێوە دەبێ بزانن، کە جێگای ئادەم لە سەرووی ئێوەوەیە. بچنە سەر ئەژنۆ و سوجدەی لەبەر بکەن!

فریشتەکان چاویان بڕیە فریشتە سەرەکییەکان. فریشتە سەرەکییەکانیش چاویان لە یەکتر کرد. دواتر هەموویان چاویان لە "میکائیل" بڕی. "میکائیل" لەبەر ئادەم چووە سەر چۆك. بەدوای ئەودا جبرئیل (گابرێل Gabriel) چووە سەر چۆك. دواتر رافائیل "Raphael)، ئوریل (Uriel) و هەموو ئەوانیتر چوونە سەر ئەژنۆ و سوجدەیان بۆ ئادەم برد.

بەڵام یەك لە فریشتە سەرەکییەکان بە ناوی سامائیل (Samael) رووی کردە خودا و گوتی: "تکایە کاتم بدە! سروشتییە من بە ئەمری تۆ سوجدە لەبەر ئادەم بەرم، بەڵام هێشتا ئادەم تەواو نییە و کارەکەت کۆتایی پێ نەهاتووە. وا باشتر نییە کە ئەگەر کارەکەت کۆتایی پێهات، ئەو کارە بکەین بۆ ئەوەی چەندین جار ناچار بە سوجدەبردن نەکرێین؟ ئادەم پێشتر زۆر گەورە بوو و تۆ

چکوولەت کردەوە. چۆن بزانین لە داهاتوودا هەڵەی دیکەشی بۆ راست ناکەیەوە؟
سامائیل، تۆ چیت دەوێ؟ خودا پرسیاری لێ کرد.
دەبێ ئەو تاقی بکەیەوە. سامائیل گوتی.
مەبەستت چییە؟
ئەو لە قوڕ و چڵپاو و پیسایی خوڵقێندراوە، من لە تیشك پێکهاتووم. بڵێی تیشك لە پیسایی باشتر نەبێ؟
تاقی کەوە، سامائیل! خودا گوتی.
من؟
بەڵێ، تۆ!
من چۆن دەتوانم ئەو تاقی کەمەوە؟
دایدەنێین، ئادەم شتێك دەزانێ کە تۆ نایزانی.
دەی ئەگەر وابێ، چی دەبێ؟ سامائیل بە نگرانییەوە سەیری کرد.
ئێمە وای دادەنێین کە سێ جار تاقیکاری بکرێت، خودا گوتی. ئەگەر ئادەم سێ جار شتێکی زانی و تۆ نەتزانی ...
ئەگەر وابێ، من لە بەرانبەریدا دەچمە سەر ئەژنۆ و سوجدەی لەبەر دەبەم، سامائیل گوتەی خودای درێژە پێدا.
نا، خودا گوتی، تۆ هیچ پێویستیت بە سوجدەبردن نییە. میکائیل تۆ دەباتە دەرێ و دەتخاتە ئەو جێگایەی وا "هێلێل بن شاخار" ی لێ نوقم بوو.
ئیتر سامائیل نەیتوانی قسە لە قسەی خودا دا بکات.

خودا ئەمری کرد، ئادەم و سامائیل لە پەنای یەکتردا ڕاوەستن. دوایی بانگی بوونەوەرەکانیکرد. هەرکام لەو ئاژەڵانە ناوێکیان هەیە. بەڵام نێوەکانیان هێشتا نەگوتراون.

ناویان دەزانی؟ خودا لە "سامائیل" ی پرسیار کرد.

خودا یەك لەو بوونەوەرانەی لە بەر دەم سامائیل دانا، بوونەوەرێکی بچکولانە کە گوێچکەکانی زۆر گەورە و کلکی کورت بوو.

سامائیل پێیوابوو دەتوانی ناوی ئەو بوونەوەرە لە مێشکی خۆیدا حیساب بکات. مووی بوونەوەرەکەی ژمارد و دەستی بە حیسابکردن کرد و درێژایی گوێچکەی پێوا، کاتێکی زۆر خۆی بە حیسابکردنەوە خەریك کرد بەڵام نەیتوانی بەو حیساباتە ناوی بوونەوەرەکە بدۆزێتەوە. سامائیل دەستی لە حیسابکردن هەڵگرت و گوتی "ناوی نازانم".

خودا رووی لە ئادەم کرد و گوتی: "تۆ تاقیکەوە."

بەڵام خودا دەیویست یارمەتی ئادەم بدا و یەکەم پیتی بوونەوەرەکەی ناو هێنا و گوتی: "ك، ك، کۆنترۆڵی بکە و پێم بڵێ ناوی ئەو بوونەوەرە چییە!"

ئادەم گوتی: " ئەوە کەروێشکە."

خودا دووهەم بوونەوەری لەبەر دەم دانان. ئەو بوونەوەرە گەورەتر بوو، لەسەر چوار قاچ دەڕۆیی و دوو بوخچە گۆشتی قەڵەوی لەسەر شانی هەبوو. سامائیل ناوی ئەو بوونەوەرەشی نەزانی.

خودا بە ئادەمی گوت: ""وش، وش، وشیار بە و پێم بڵێ ناوی ئەو بوونەوەرە چییە!"
ئادەم گوتی: " ئەوە، وش، وش،  وشترە."
سێهەم بوونەوەر کە خودا لەبەر دەستی دانان زۆر چکوولەتر لەوانیتر بوو. رەنگی رەش بوو، باڵی پێوە بوو و هەڵدەفڕی. سامائیل ناوی ئەو بوونەوەرەشی نەزانی.
خودا رووی لە ئادەم کرد و گوتی: "سێ، سێ، سێهەم بوونەوەردەتوانی نێو بەری؟"
ئادەم وەڵامی دایەوە: "سێ، سێ، سێروو، ئەو ئاژەڵە ناوی سێرووە."
بەو شێوەیە ئادەم شتێکی دەزانی کە سامائیل، نەیدەزانی.
خودا رووی لە سامائیل کرد و گوتی: "ئێمە قەول و قەرارێکمان هەبوو. ئێستا کە مەرجەکەت دۆڕاند دەتخەمە ناو جەهەنەمەوە. بەدوای ئەو قسەیەیدا خودا ئەمری بە میکائیل کرد لە لەگەڵ خۆی لە بەهەشت بیباتە دەرێ. میکائیل لەگەڵ خۆی سامائیل ی بردە دەرەوەی بەهەشت و کاتێك گەییشتنە بەر دەرکەی بەهەشت، تەپۆڵکە خۆڵەکەیان دیت کە خودا لە لەشی ئادەمی کردبۆوە و لەوێ لەسەر یەکی قەڵاپەچین کردبوو. سامائیل لە پەنا تەپۆڵکەکە راوەستا. رووی کردە میکائیل و گوتی: "باش بیری لێ بکەوە و بزانە چی دەکەی، میکائیل! ئەگەر من و تۆ و هێلێل بن شاخار یەکبگرین، دەتوانین پێکەوە خودا بڕووخێنین، ئەوکات بە دانانی یاسای نوێ دەتوانین

بخولْقێنین، خولْقاندنێک کە ئیتر پێویستیی بە بەسەرداچوونەوە نەبێت."

بەڵام میکائیل گوتی: "نا."

سامائیل گوتی: " دەیبینی، کاتێك دادێ کە ناچار دەبی درۆ لەگەڵ خودا بکەی."

"هیچکات ئەوە پێش نایەت"، میکائیل گوتی.

"رەنگە تۆ درۆی لەگەڵ نەکەی، بەڵام تۆ راستیەکەی پێ ناڵێی" سامائیل وەڵامی دایەوە.

"جیاوازییان لە چی دایە؟" میکائیل پرسیاری لێکرد.

"ئەگەر کاتی خۆی بگات، ئەوکات جیاوازییەکەیان تێدەگەی"، سامائیل گوتی.

بۆ کاتێکی کەم میکائیل چاوی لێی نەبوو، سامائیل تفی کردە ناو تەپۆڵکە خۆڵەکەی لەبەر دەرکی بەهەشت کۆگا کرابوو، سامائیل نەیتوانی پێشی پێ بگرێ و بە خێرایی پیلی سامائیل ی گرت و فرێدا ناو جەهەنەمەوە. بەڵام سامائیل خۆی بە باڵەکانی " میکائیل"ەوە هەڵواسی و پەڕێکی باڵەکەی لێ هەڵقەند. بە یارمەتی ئەو پەڕە، سامائیل دەتوانێ لە داهاتوودا، هەرکاتێك پێیخۆش بێ، بێتە سەر زەوی و نەوەکانی داهاتووی ئادەم ئازار بدات.

خودا بە ئادەمی گوت: "هەروا درێژەی پێبدە و ناو لە هەموو بوونەوەرەکانی تریش بنێ. بە هەرکام لەو بوونەوەرانە بڵێ، ناویان چییە." خودا ئیزنی دا کە

بوونەوەرەكان لەبەر دەمی ئادەم كۆ ببنەوە. ئادەم بە قامكی ئامازەی پێدەكردن و ناوی لێ دەنان. سەفێكی گەورە و مەزن كە كاتێكی زۆری خایاند. مێرووولە، قاز، كرم، ماسی، شێر، چۆلەكە و ...

ئادەم سەیری ئەو بوونەوەرانەی لەبەر دەمی راوەستابوون دەكرد كە لە رێگایەكی دوورەوە هاتبوون. كە بە باشی سەرنجی دانێ، بینی هەر هەموویان جوت بوون، نێر و مێ. مانگا و كەڵ، ماین و ئەسپ، شێری مێ و شێری نێر، پشیلەی مێ و گورپەی نێر و ...

بوونەوەرەكان بە بێ پرتەوبۆڵە لە سەفەكانیاندا راوەستابوون هەتا نۆرەیان بگات. نێر و مێ خۆیان لە یەكتر دەخشاند و وێدەچوو زۆر خۆشحاڵ بن و هیچكامیان پەلەیان نەدەكرد. جووتەكان یەكتریان خۆش دەویست، منداڵیان دەبوو و بنەماڵەیان دروست دەكرد.

ئادەم لە لایەكەوە زۆر بە كونجكاویەوە سەیری دەكردن و لە لایەكیتریشەوە خەمناك بوو، چونكە زۆر بە تەنیا بوو.

ئادەم رووی لە خودا كرد و گوتی: "بۆچی من بە تەنیام؟ من كە سەیری ئەو بوونەوەرانە دەكەم هەر هەموویان جووتن و منداڵیان دەبێ و بنەماڵە پێكدێنن و بەختەوەرن. لەو ناوەدا هەر من بە تەنیام! "

خودا پێی گوت: "تۆ تاقانەی"

"بەڵێ من تاقانەم" ئادەم وەڵامی داوە و دەستی كردەوە بە ناولێنانی بوونەوەرەكان.

لێره بەولاوه کاتێ خودا دەچوو بۆ لای ئادەم ، ئادەم ڕاستەوخۆ سەیری خودای نەدەکرد و کاتێ پرسیاری لێ دەکرد، بە نابەدڵییەوه وەڵامی دەدایەوه. خودا بینی کە رۆحی ئادەم برسیەتی، بەوهۆیە خەوی هەنارده ناو رۆحیەوه.

ئادەم خەوت، و خەوتن ئارامیی بە رۆحی دەدا. بەڵام کاتێ وەخەبەر دەهات، هێشتا هەر بە تەنیا بوو.

ئەو چووه لای خودا و گوتی: "من نامهەوێ ئیتر بەتەنیا بم."

"تۆ چیت لە من دەوێ؟" خودا لە ئادەمی پرسیار کرد.

من پێمخۆشە هاوسەرێکم هەبێ.

خودا بەزەیی پێی دا هات و گوتی: " باشە، من بیری لێ دەکەمەوه. خۆت وەرسووڕێنە.

ئادەم پشتی لە خودا کرد و خوداش پشتە سەری ئادەمی کرد بە دەمووچاو و پشت و لەشیشی کرد بە لەشی ژنێك.

خودا لای خۆی بیری لەوه کردەوه کە رەنگە ئادەم وەك تاقانەیەك لای خۆم رابگرم و بەو شێوەیە ئادەم ئارام بکەمەوه. بەڵام ئادەم ئارام نەبۆوه. ئادەم دەیبینی کە بوونەوەره جووتەکان چلۆن بە خۆشەویستییەوه سەیری یەکتریان دەکرد و یەکتریان لە باوەش دەگرت. ئەو بە هیچ شێوەیەك نەیدەتوانی پشت سەری خۆی ببینێ، یا خۆشەویستیی بۆی هەبێ.

ئادەم بە خودای گوت: "وا نابێ، ئەو کارەت نەک هەر من بەختەوەر ناکات، بەڵکوو خەمبارتریشم دەکات."

"ئەدی تۆ چیت لە من دەوێ؟" خودا لە ئادەمی پرسیار کرد.
ئادەم گوتی: "من پێمخۆشە ژنێکم هەبێ"
خودا گوتی: "باشە، من بیری لێ دەکەمەوە."
خودا پرسیاری لە فریشتەی سەرەکی "میکائیل" کرد و گوتی:
"بە بڕوای تۆ من چی لە ئادەم بکەم؟"
"ئادەم بەو شێوەیە ئارام نابێتەوە." میکائیل بە خودای گوت.
"منیش هەر لەسەر ئەو بۆچوونەی تۆم." خودا بە میکائیلی گوت. من دەبێ ژنێکی بۆ بخوڵقێنم. هیچ رێگایەکیترم بۆ نەماوەتەوە.
خودا دەستی خۆی خوراند و بە میکائیلی گوت: "لە بەر دەرکەی بەهەشت تەپۆڵکێکی قوڕ و خۆڵی لێیە کە لە ئادەم بەجێ ماوەتەوە. من دەبی لەو قوڕە بەرماوەیە، ژنێك بۆ ئادەم بخوڵقێنم."
میکائیل ترسی تێکەوت. چونکە ئەو وەبیری هاتەوە کە سامائیل پێش ئەوەی بچێتە ناو جەهەنەمەوە، تفی لەناو قورەکە کردبوو.
میکائیل بە خودای گوت: "ئەوە، رەنگە ئەوە، ئیدەیەکی باش نەبێ... بۆچی راست لەو قوڕە؟"
"بۆچی نا،" خودا وەڵامی دایەوە. ئەوە بۆ ئادەم زۆر باش دەبێ کە ژنەکەی لە هەمان قوڕ دروستبکرێ کە خۆی لێی دروستکراوە.

"رەنگە ئەو قوڕە ئیتر كۆن بووبێ"، میكائیل گوتی. باشتر وایە من قوڕێكی تەڕ و تازە بێنم.
بەڵام خودا گوتی: "نا، من پێمخۆشە ژنی ئادەم هەر لەو قوڕە دروست كەم."
میكائیل قسەكەی "سامائیل"ی وەبیر هاتەوە : "تۆ رەنگە درۆ لەگەڵ خودا نەكەی بەڵام راستەكەشی پێ ناڵێی!"
میكائیل هێز و توانای ئەوەی نەبوو بە خودا بڵێ كە سامائیل، شەیتان، تفی لەو قوڕە كردووە.
خودا هەر لەو قوڕەی لەبەر دەركەی بەهەشت تەپۆڵك كرابوو، ژنێكی خوڵقاند و ناوی لێ نا لیلیت "Lilith". خودا "لیلیت"ی زۆر جوان دروست كرد و ناردیە لای ئادەم. ئادەم ئاشقی لیلیت بوو.
بەڵام پێش ئەوەی شەو دابێ و ئادەم و لیلیت لێك نیزیك ببنەوە، خودا جارێكیتر "لیلیت"ی بانگ كردە لای خۆی و پێی گوت: "بۆ ئەوەی ئێمە باش لەیەك تێ بگەین، ئادەم یەكەمە و تۆ دووهەم! تۆ دەبی لەژێر ئەمری ئەو دابی و ئەوەی ئەو بیڵێ دەبێ بە قسەی بكەی!"
بەڵام لیلیت پێی خۆش نەبوو لە ژێر ئەمری ئادەم دا بێ. تەنانەت پێی خۆش نەبوو، كاتی خۆشەویستیش لە ژێرەوەی ئادەم دا بێ. هەروەها كاتێ ئادەم ناوی لە بوونەوەرەكان دەنا، لیلیت پێی خۆش نەبوو تەنیا سەیر بكات، ئەو خۆی لە كارەكە هەڵدەقوتاند.

"ئەوە تۆ چی دەکەی؟" لیلیت دەیگوت. تۆ کرم دوای فیل دادەنێ و فلامینگۆ دوای نینۆکەشەیتانە!
"بۆچی نا؟" ئادەم پرسیاری لێ کرد.
"ئایا سروشت نابێ برێك رێک و پێکیی هەبێ؟" لیلیت گوتی.
ئادەم: بۆچی؟
لیلیت: بۆ ئەوەی مرۆڤ باشتر بیانناسێ.
ئادەم: کێ دەبی بیانناسێ؟
لیلیت: بۆ ئەوەی ئێمە باشتر بیانناسین. ئێمە و منداڵەکانمان.
ئادەم: منداڵەکانمان؟
لیلیت: پێتخۆش نییە منداڵت بێ؟
ئادەم: وەك بوونەوەرەکان؟
لیلیت: وەك بوونەوەرەکان نا. جۆرێکیتر.
ئادەم: من تێ ناگەم.
لیلیت: چونکە تۆ لە سروشت تێ ناگەی.
ئادەم: بۆچی لە سروشت تێ ناگەم؟
لیلیت: چونکە تۆ هەوڵی رێك و پێککردنی سروشت نادەی.
ئادەم: ئەدی بە بڕوای تۆ چۆن دەتوانم رێك و پێکیی بە سروشت بدەم؟
لیلیت: بۆ وێنە تۆ دەتوانی هەر کام لە بوونەوەرەکان بخەیە ناو گرووپی خۆیانەوە. ئەوانەی هیلکە دەکەن لە گرووپێکدا و ئەوانەی هێلکە ناکەن لە گرووپێکیتردا.

ئەوانەی وا دەفڕن، ئەوانەی وا نافڕن. ئەوانەی وا چوار قاچن و ئەوانەی وا شەش قاچن ...

ئەو بۆچوونەی لیلیت زۆر بە مەیلی ئادەم نەبوو. ئادەم شکایەتی لای خودا لێ کرد و گوتی: "ئەو بە قسەی من ناکات و دەیهەوێ شتێک بکەم کە پێم خۆش نییە."

خودا پێی گوت: "رەنگە پێویست بکات سەبر و حەوسەلەت لەگەڵی هەبێ."

ئادەم هەوڵی دا لەگەڵ لیلیت سەبر و حەوسەلەی هەبێ، بەڵام سەرەڕای ئەوەش لیلیت پێی خۆش نەبوو لەژێر ئەمری ئادەم دا بێ. ئەو پێی خۆشبوو رێك و پێکیی بخاتە ناو سروشتەوە. لێرەدا لێیان بوو بە کێشە- کێشەی نێوان ئادەم و لیلیت. کێشەی وا، لە پلانی خودا دا پێش بینی نەکرابوو. بۆچی دەبوو ئادەم کە کارێکی وا تەواو و کاملی خودا بوو، کێشە بکات؟ خودا سەیری ئەو دوو بەرهەمەی خۆی دەکرد و دەستی کرد بە خوراندنی دەستی...

ئادەم ئیتر سەبر و حەوسەلەی نەما. ئەو دەیویست ئەمر بە لیلیت بکا، بەڵام لیلیت نەیدەویست ئەمری بەسەردا بکەن. لیلیت لای رۆیی، ئادەمی بەجێ هێشت، و چوو بۆ بیابان. لە بیابان جندۆکەی لێ بوو. ئەو جندۆکانەی وا لە شەڕەکان بەجێ مابوون. ئەو بوونەوەرانەی هیچ یاسایەك، هیچ رێك و پێکیەکیان نە دەناسی. بەڵام مەترسیدار بۆ پلانی خوداش نەبوون، هەر بەو هۆیەش خودا کاری پێیان نەبوو. لیلیت لەگەڵ ئەو بوونەوەرانە نیزیکی کرد. لە رۆژدا

لەگەڵ هەزار بوونەوەر دەنوست و رۆژی هەزار منداڵی لێیان دەبوو.

خودا ئادەمی دەبینی کە بەردەوام پرتە وبۆڵەی بوو، بەو هۆیە "میکائیل"ی ناردە لای لیلیت بۆ ئەوەی قسەی لەگەڵ بکا و ڕێگای راستی نیشان بدات.

میکائیل بە "لیلیت"ی گوت: "ئێمە هەردووکمان، تۆ و من، دەزانین بۆچی تۆ بەو شێوەیەی کە هەی و منیش لەو نێوەدا بێ گوناە نیم. وەك گەورەترین فریشتەی ئاسمان، تکات لێ دەکەم، بگەڕێوە لای ئادەم."

لیلیت گوتی: "پێت وایە، ئادەم هێشتا منی بوێت؟ یاخود پێتوایە من ئەوم دەوێ؟ بە راستیی پێتوایە من دەبمە ژنی نێومالّی ئادەم، ژنێکی ئاسایی، بەدوای نیزیکیم لەگەڵ ئەو هەموو جندۆکانە و خستنەوەی ئەو هەموو منداڵانە؟ نا!"

میکائیل ئەوەی سەلماند.

ئەو هاتەوە بۆ لای خودا و گوتی: من ناتوانم یارمەتی ئەو کارە بدەم، بەڵام من پێموایە، تۆ دەبێ ژنێکی نوێی بۆ بخولّقێنی. میکائیل خودای قانع کرد کە بۆ خوڵقاندنی ژنی نوێ لە قوڕی تازە کەڵك وەربگرێ.

خودا لەبەر خۆیەوە گوتی: رەنگە ئەوە وا باش بێ، کە ئادەم خۆی شاهیدی خوڵقاندنەکەم بێت. باشتر وایە ببینێ چلۆن ژنی بۆ دروست دەکەم. خودا بە نینۆکی خۆڵی هەموو قوڕنەکانی هەڵقەند و کۆی کردنەوە، ئادەمی بۆ لای خۆی بانگ کرد، لە پەنای خۆی داینیشاند و ئیزنی پێدا سەیری

خوڵقاندنەکەی بکات و ئەگەر لە شتێك تێ نەگا، مافی پرسیاریشی هەبێ. خودا دەستی بە هەڵشێلان و دروستکردن کرد. تفی لێکرد، هەڵیشێلا، هەمیسان تفی لێکرد، هێندەی شێلا هەتا هەویرێکی سافی لێ دروست کرد.

خودا رووی کردە ئادەم و گوتی: "لەو هەویرە تۆم خوڵقاندووە."

ئادەم سەری بۆ دانەواند.

"هەر لەو هەویرەش ژنێکت بۆ دەخوڵقێنم."

ئادەم هەمیسان سەری دانەواند.

خودا لە روخسار و دەموچاویەوە دەستی پێکرد. خوی زۆر پێوە ماندوو کرد، روخسارێکی جوان و هیمنی لێ دروست کرد.

" تۆ دەزانی،" خودا بە ئادەمی گوت، "لە پێش هەمووشتێکدا پێمخۆشە سەیری ئێوە بکەم، بۆیە لە هەوەڵەوە روخسارتان دروست دەکەم. دەبی روخسارێکی هێمن و خوێن شیرینی هەبێت. خودا بزەیەکی لەسەر لێوی دانا و بە قامکی خۆی سەر رووومەتەکانی قووڵ کردن."

ئادەم زۆری پێ باش بوو. بە بی سەبریی سەیری دەکرد، چلۆن لەژێر دەستی خودا لەو قوڕ و خۆڵە ژنێکی لێ دروست دەبوو.

دواتر خودا دەستی کرد بە دروستکردنی دەستەکانی.

"دوای ئەوی تێر بە چاوەکانتان سەیری یەکترتان کرد، ئێوە هەوڵی دەست لێدانی یەکتر دەدەن. هەر بەو هۆیە دواى روخسار، دەستتان بۆ دروست دەکەم." خودا گوتی.

خودا گوتی: "من پێمخۆشە ناوێك لەسەر ژنەكەت دانێم."
ئادەم سەری بۆ دانەواند.
من ناوی دەنیم حەوا (Eva).
ئادەم پێی باش بوو.

ئێستا ئیتر نۆبەی دروستکردنی لەشی حەوا هاتبوو. لەشی دەبوو لە ناوەوە بۆ دەرێ، دروست بکرایە. ئادەم نەیدەزانی چلۆن لەشی مرۆڤ دروستکراوە. ئەو تەنیا رووکاری دەرەوەی مرۆڤی بینیبوو، کاتێك سەیری خۆی دەکرد.

خودا لەپێش هەمووشتێکدا ساختاری ئێسقانەکانی دروست کرد. دواتر هەموو ئەندامەکانی وەك دڵ، جەرگ، سیپەلاك، گورجیلە و ... پێوە هەڵواسی.
کە ئادەم ناوەوەی لەشی سەیر دەکرد، بێزی هەستا و بە خودای گوت: "هیچ پێویست ناکا درێژە بە کارەکەت بدەی، من دەست بۆ ئەو مرۆڤە نابەم. من ئەوەم ناوێ. تۆ قەولت بە من دا ژنێکم بۆ دروست کەی. هەستا سەر پێ و پشتی لە خودا کرد و رۆیی.
ئادەم بەو کارەی سەبر و حەوسەلەی خودای لەژێر تاقیکاریی دانا. بەڵام خودا بە سەبر و حەوسەلە بوو. ئەو

ئادەمی خۆش دەویست. خودا بیری کردەوە. بانگی لە خەو کرد. ئەمری پێکرد، ئادەم بخەوێنێ.
کاتێك ئادەم بێهۆش لەبەردەمی خودا کەوتبوو، هەر لە پەراسووەکانی ئادەم خودا ژنێکی نوێی بۆ ساز کرد.
ئەدی چی بەسەر یەکەم حەوا "Eva"ی نیوە تەواو و بی پێست هات؟ خودا ئەوی لەبیر چۆوە. ئەو خۆی لە ژێر دار و درختەکانی بەهەشتدا شاردەوە.
خودا ئادەمی سەیر دەکرد چلۆن لەبەر دەمی خەوتبوو. پەراسوویەکی دەرهینا و ژنێکی لێ خولقاند. ئەو بۆیە پەراسووی ئادەمی هەڵبژارد، چونکە پەراسوو نیزیکتین ئەندامە بە دڵ.
رۆژی دوایی ئادەم لە خەو هەستا. ئەو "حەوا"ی لەبەر دەم خۆیدا بینی. حەوا زۆر جوان بوو. ئادەم رازی بوو. حەوای بۆ گەڕان بردە ناو باغەکەوە و بەهەشتی پێ نیشان دا.
ئێرە هەمووی هی ئێمەیە.
"هەر هەمووی؟" حەوا پرسیاری کرد.
ئەوان چوونە ناوەڕاستی باغەکە، ئەو جێگایەی داری چاکە و خراپەی لێ شین ببو.
"ئێرە هەمووی هی ئێمەیە." ئادەم گوتی. بەڵام ئیزنی خواردنی میوەی ئەو دارەمان نییە. خودا خواردنی ئەو میوانەی لە ئێمە یاساغ کردووە.
"ئەدی چ دەبی ئەگەر ئێمە بیانخوین؟" حەوا گوتی.

"سزا دەدرێین."

"ئەوە بە چ مانایە، من تێ ناگەم؟"

"دەمرین." خودا پێی گوتم.

"مردن چییە؟" حەوا پرسیاری لێ كرد.

ئادەمیش نەیدەزانی مردن چییە. تا ئەو كات هیچ بوونەوەرێك لە دنیای ئادەمدا نەمردبوو. چلۆن دەیانتوانی ئادەم و حەوا لەو یاساغە حاڵی بن، كاتێ ئەوان تەنانەت لە سزاكەشی تێ نەدەگەیشتن؟ ئەوان هیچ ترسێكیان لە مردن نەبوو چونكە نەیاندەزانی مردن چییە. تەنیا رێگا بۆ تێگەیشتن لە مانای مردن ئەوە بوو كە ئەوان لە میوەی دارەكە بخۆن.

هەر كەس نەزانێ، دەپرسێ. حەوا پرسیاری كرد. بەو شێوەیە كونجكاویی هاتە سەر دنیا.

پیاسەكردن لە باغی بەهەشت هەمیشە وەك یەك وابوو و دوپات دەبۆوە و ئاخرەكەی دەگەیشتنەوە پەنا داری میوەكە و پرسیاریان لێكدەكرد. بەڵام تەنیا پرسیار هەبوون. وەڵامی پرسیار بوونی نەبوو.

لەبیرمانە كە "سامائیل"ی فریشتە، سوجدەی بۆ ئادەم نەبرد و بەو هۆیە كەوتە ناو جەهەننەمەوە و كاتی چوونە ناو جەهەننەم پەڕێكی باڵی "میكائیل"ی لەگەڵ خۆی برد. هەر وەك پێشتریش ئامازەی پێكرا بەو پەڕە دەیتوانی

هەرکات پێیخۆش بێ بێتەوە سەر زەوی و تۆڵەی خۆی بکاتەوە. سامائیل ئەو کارەی کرد.

سامائیل لە جەهەننەم هاتەوە دەرێ و لە لەشی مارێکدا خۆی بۆ ناو باغی بەهەشت راکێشا. رۆژێك لە رۆژان حەوا بە تەنیا لە ناو باغی بەهەشتدا پیاسەی دەکرد، گەیشتە ناوەڕاستی بەهەشت و پەنا داری میوەکە. لە مێشکیدا پرسیاری زۆر کۆببوونەوە. ئەو لە پەنا دارەکە راوەستابوو و بیری دەکردەوە. لەپڕێکدا مارەکە هاتە سەر رێگای. بە زاری مارەکە سامائیل لەگەڵ حەوا دەستیکرد بە قسەکردن.
"چۆنی، باشی؟"
"من نازانم مەبەستی تۆ چییە، تێت ناگەم؟" حەوا گوتی.

دەتوانین وەڵامدانەوەی حەوا ئاوا لێك بدەینەوە: لەسەر پرسیاری "چۆنی، باشی؟" دەکرێ بە دوو چەشن وەڵام بدرێتەوە. **باشم**، یاخود **باش نیم**. بەو هۆیەی حەوا لە بەهەشت دەژیا، و لە بەهەشتیش ناکرێ هەڵس وکەوتی مرۆڤ خراپ بێ، پرسیارەکەی سامائیل بە هەڵە دەردەچێ و هەر بۆیە حەوا لە پرسیارەکە نەگەیی و ئەو وەڵامەی دایەوە! تازە بڵێی حەوا پێی سەیر نەبووبی کە ئاژەڵێک قسە بکا؟

"تۆ لەوێ ڕاوەستاوی و سەیری ئەو دارە دەکەی"، سامائیل درێژەی بە قسەکانی دا. چ شتێکی سەرنج ڕاکێش دەبینی کە وا ماتی ئەو دارە بووی؟

"خۆشم نازانم، ئەو دارە هەر وەك هەموو دارەکانیتر دەنوێنێ، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئیزنی خواردنی میوەکانیمان نییە."

"بڵێی میوەکانی ژەهراویی نەبن؟"

هەمیسان حەوا پرسیاری کردەوە: "من نازانم مەبەستی تۆ چییە، تێت ناگەم؟" دەیجا حەوا لەکوێوە بزانێ مانای ژەهراویی چییە؟ بڵێی شتی ژەهراویی لە بەهەشت هەبێ؟

"ژەهراویی بەو مانایەیە، کە تۆ دوای خوردنی بمری. سامائیل پێی گوت.

"بەڵێ وا دەڵێن." بەڵام من نازانم مردن چییە. ئادەمیش هەر نازانێ.

"ئەگەر تۆ نازانی مردن چییە، ئەدی لە کوێوە دەزانی کە مردن بوونی هەیە؟"

"بەو هۆیەی خودا گوتوویەتی." حەوا وەڵامی مارەکەی داوە.

"بڵێی خودا بزانێ مردن چییە؟"

"ئەو دەزانێ."

"ئەدی ئەگەر ئەو دەزانێ، بۆچی ماناکەی بە ئێوە ناڵێ؟"

"من خۆشم ئەو پرسیارەم لە خۆم کردووە." حەوا گوتی.

"ئەدی چ وەڵامێك بە خۆت دەدەیەوە؟" سامائیل لە زمانی مارەکەوە پرسیاری لێکرد.

"نابێ شتێکی باش بێ، هەر بۆیە  خودا ماناکەیمان پی نالێ."

"من پێموایە تۆ راست دەکەی." سامائیل گوتی. حەوا، تۆ زۆر دەفامی.

"بەڵام نازانم بۆچی باش نییە، خودا پێمان بلێ، مردن چییە؟" حەوا درێژەی بە قسەکەی دا.

سامائیل گوتی: "رەنگە پێویست بێت بە شێوەیەکی تر پرسیارەکە بکەین؟ پرسیار ئاوا بکەین: "بۆ کێ مردن باش نییە؟"

"بۆ ئادەم و من مردن باش نییە." حەوا گوتی.

"نا"، سامائیل گوتی. بۆ خودا باش نییە بە ئێوە بڵێ، مردن چییە. چونکە ئەگەر ئێوە لە مانای مردن بگەن، هەر وەك خودا زانان و دەزانن مردن چییە. واتە ئەگەر لە میوەی ئەو دارە بخۆن، ئەوکات دەزانن مردن چییە، هەر بەو هۆیش ناوی ئەو دارە "داری زانست"ە. بە دوای ئەوەدا حەوا میوەی "داری زانست" ی خوارد.

حەوا بە ئادەمی گوت: "من لە میوەی "داری زانست"م خواردووە. ئێستا من دەزانم مانای مەرگ چییە. ئەگەر من بمرم ئیتر تۆش هەمیسان بە تەنیا دەمێنییەوە.

بۆیە ئادەمیش میوەی "داری زانست"ی خوارد.

کاتێ ئادەم و حەوا گوێیان لە دەنگی پێی خودا بوو، خۆیان لە باغەکەدا شاردەوە.

"ئادەم لە کوێی؟" خودا بانگی کرد.

ئادەم هاتە خزمەتی، گەڵایەکی هەنجیری به پێشەوەی لەشی دادابوو.

خودا گوتی: "چی دەکەی؟ چیت لێهاتووە؟ ئەو گەڵایەت بۆ بە پێش خۆتەوە ناوە؟"

"من گوێم لە دەنگی هاتنی تۆ بوو، ڕووت بووم و نەمهەویست بە رووتی بێمە خزمەتت."

خودا پرسیاری لێکرد: "مانای ڕووت بوون لە کوێوە دەزانی؟ میوەی "داری زانست"ت خواردووە؟"

ئادەم گوتی: "بەڵێ، خواردوومە، ئەو ژنەی بۆ منت خوڵقاند، فێری کردم."

حەواش هاتە بەر دەم ئەوان، خودا پرسیاری لە حەوا کرد: "بۆچی میوەی "داری زانست"ت خواردووە؟"

حەوا گوتی: "ئەو، ئەو مارە فیری کردم."

خودا رووی لە مارەکە واتە سامائیل کرد، نزای خراپی بۆکرد و گوتی: "چونکە تۆ ئەو کارەت پێکردوون، سزات ئەوەیە بۆ هەمیشە لە ناو تەپ و تۆزدا بخشێی."

چی؟ بۆ پێش ئەوەی مار لە لایەن خوداوە تاوانی بدرێتێ، شکڵی چۆن بووە؟ بڵێی قاچی نەبووبێ؟ بەڵێ، قاچی بووە! مرۆڤ دەزانێ شکڵ و بیچمی مار چڵۆن بووە! ئێمە یەکەم مرۆڤ نین کە ئەو پرسیارە دەکەین. هەزاران ساڵ بەر لە ئێستاش ئەو پرسیارە کراوە. ڕیوایەتەکان زانیاریی تەواومان دەدەنێ کە مار پێش تاوانەکەی وەك وشتر وابووە. قاچەکانی درێژ بوون. خوری لەسەر پێستی بووە.

خودا قاچەکانی بڕی و لێی سەندەوە، پێستە خورییەکەی داماڵی، سەری گرت و زمانی هەڵدڕی و کردی بە دوو بەش. لە خوریی بەجێی ماوەی مارەکە خودا جل و بەرگی بۆ ئادەم و حەوا دروست کرد، چونکە ئیتر ئیزنی مانەوەیان لە بەهەشت نەمابوو و لە دەرەوەی بەهەشت شەوانە هەوا زۆر سارد بوو.

خودا ئەمری بە میکائیل کرد ئادەم و حەوا بباتە دەرەوەی بەهەشت و هاوکات لەگەڵ ڕۆیشتنەکایەن، خودا دۆعای لێکردن.

دۆعای خودا بۆ ئادەم ئەوە بوو: "بە عارەقەی نێوچاوانت نانی خواردنت دەربێنی."

دۆعای خودا بۆ حەوا ئەوە بوو: "بە ئێش وئازارێکی زۆرەوە منداڵ بخەیتەوە."

بەو شێوەیە پرێنسیپی پیتی "بێت"ی بەڕێوە برد: "نەك بە شێوەی ئیدەئال بەڵکوو وەک کارێکی ناتەواو، بۆ ئەوەی تێگەیشتن لە پێکهاتنەکە ساکار بێ! بەهەشت و "داری زانست" ئیتر بۆ هەمیشە لەدەست مرۆڤ بووەوە.

# قابیل و هابیل[4]

ئادەم، یەکەمین مرۆڤ، کوڕی زەوی و حەواش، دایکی هەموو مرۆڤێك، هەروەك پێشتر باسمان لێکرد، لە بەهەشت دەرکران ...

لە دەرەوەی بەهەشت، شەوانە هەوا زۆر سارد بوو و رۆژیش زۆر گەرم. ئادەم چارداخێکی دروست کرد کە رۆژانە سێبەری لە هەمبەر تاوی گەرم بۆ ساز دەکردن و هەروەها پارێزگەیەك بوو بۆ خۆی و حەوا لە بەرانبەر شەوانی ساردی سەر زەویدا. ئەوان برسیەتیی و تونییەتیان ناسی. میوەی دار چیتر بۆیان ئامادە نەبوو کە تەنیا دەست درێژ کەن و لێی کەنەوە. ئاژەڵیش ئیتر دۆستی ئەوان نەمابوون. تاقمێکیان لە ترسان خۆیان لێ دەشاردنەوە و هەندێکیشیان هێرشیان بۆ دەهێنان و مەترسیان بۆ دروست دەکردن.

زەوی خواردەمەنی کەم بوو، زۆر کەم. ئادەم و حەوا دەبوو کار بکەن، بەڵێ، "بە عارەقەی نێوچاوانیان نانی خۆیان دەربێنن." بەڵام زۆربەی کات نانی رووتیی تێری نەدەکردن. دەستیان کرد بە کوشتنی ئاژەڵ یا خود گۆشتی ئاژەڵی نەخۆشیان دەخوارد کە لە مێگەل بەجێ مابوون. برسیی بوون و دوو دڵ، نەیاندەزانی چ بکەن. هێندە دوو دڵ

4. هابیل و قابیل بە گوێرەی ئەفسانەکان ناوی دوو کوڕی ئادەم و حەوا بوون. لە زمانی ئاڵمانیدا ئەم دوو کەسە بە کائین"KAIN" و ئابل "ABEL" دەناسرێن بەڵام من هەر بە قابیل و هابیلی سەرزمانی خەڵک لە کوردستانم تەرجەمە کردووە.

بوون، ئەگەر خودا رۆحیانی لە قووڵایی لەشیان جێ نەکردبایەتەوە، رەنگە رۆحی خۆیان لە لەشیان دەربهێنایە. زۆر جار ئارەزوویان دەکرد کە بریا ئاژەڵ بایەن، چونکە ئاژەڵ رۆحی نییە و دوودڵی ناناسێ.

لە هەوەڵەوە گۆشتی ئاژەڵەکانیان بە کاڵیی دەخوارد، دواتر ئاگریان دۆزیەوە. لە گێڕانەوە یونانیەکاندا دەگوترێ کە پرۆمێتئووس "Prometheus" ئاگری بۆ مرۆڤ هێناوە کە ئەویش لە خودا واتە لە هێپهائیستوس "Hephaistos"ی دزیبوو. بە پێی ئەو گێڕانەوەیە پرۆمێتئووس مرۆڤی لە خۆڵەمێش دروست کردووە. ئەو مرۆڤی خۆشویستووە بە بێ هیچ مەرج و بێ هیچ چاوەڕوانییەك. بەهەشت لە چیرۆکی یونانیدا بوونی نییە. پرۆمێتئووس مرۆڤی لە بەرانبەر خوداکان دا وشیار کردۆتەوە و بە تایبەت لە دژایەتیی زۆیس"Zeus"دا.

پرۆمێتئووس وەك پارێزەر و وەکیلی مرۆڤ بووە. ئەو فەرهەنگ و کەلتووری لەبیچمی ئاگردا بەدیاری بۆ هێناون و بەو هۆیە سزا دراوە. ئەو هەڵگری نارەحەتی و رەنجکێشانی مرۆڤبووە. ئەو چیرۆکە زۆر دواتر لە گێڕاوەکانی ئینجیلدا دووپات دەکرێتەوە.

لە حەماسە عیبرییەکاندا "Hebräisch" دەگوترێ کە کەسێك بە ناوی لوتچیفەر "Luzifer" بە بێ ویستی خۆی ئاگری بۆ مرۆڤ هێناوە. ئەو دەبێ قامکی خۆی بۆ لای سەرێ واتە ئاسمان درێژ کردبێ و ویستبێتی بزانێ کە رۆحی خودا

هێشتا لە سەرووی شتەکانەوە دەسووڕێتەوە؟ لوتچیفەر لە جەهەنەم دا بووە و جەهەنەمیش ئاگر بووە. قامکی لوتچیفەر ئەشکەوتێکی پڕ لە ئاگری بۆ سەر زەوی کردۆتەوە کە لە سەر رێگای ئادەم شین بووە و کەڵکی لەو ئاگرە وەرگرتووە. بەو شێوەیە لە گێڕاوە عیبرییەکاندا ئاگر هاتۆتە سەر زەوی.

بگەڕێینەوە بۆ چیرۆکەکەی ئادەم و حەوا، سەبارەت بەوان لە ئینجیلدا گوتراوە: ئادەم حەوای ناسی. بەو مانایە کە ئەوان پەیوەندیی ژن و مێردایەتیان بەست. حەوا زگی پڕ بوو و کوڕێکی بوو. ئەو مرۆڤە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ مرۆڤی ناو بەهەشت زۆر بێ هێز بوو، بەڵام دەبێ لە مرۆڤی ئەوڕۆیی زۆر بەهێزتر بووبێت. ماوەیەکی کورت دوای لە دایك بوون، توانیویەتی لەسەر قاچەکانی بڕوات و ئێوارێی هەمان رۆژ توانیویە لە کاری ماڵدا یارمەتی دایك و باوکی بدات.

کوڕە چکوولەی حەوا دەستی بە هەڵاتن کرد، کاتێ ئادەم ناوکی بڕی و ناوکەکەی وەك خەڵات بە حەوا بەخشی، حەوا بە دەنگی بەرز گوتی من بە یارمەتی خودا پیاوێکم پێگەیی. بەو هۆیە ناوی نا قابیل، قابیل لە قاناه "qanah"ەوە وەرگیراوە و قاناه بە مانای "پێ گەیشتن" هاتووە.

ماویەك دوای ئەوە هەمیسان زگی پڕ بوو و کوڕێکیتری بوو، کە ناوی ئەمیانی نا هابیل. هابیل لە ناوی هێبل

"hebel" وەرگیراوە و مانای "تۆزێك" دەدا. هابیل زۆر چکوولانە و کز بووە و نەیتوانیوە وەك قابیل لە ماوەیەکی کورتدا لەسەر قاچەکانی راوەستێ و رێگا بڕوا و خەڵات بۆ دایکی بە دیاری بێنێ.

"بەهای ئەو کوڕە چەندەیە؟" حەوا بە مێردەکەی واتە ئادەمی گوت، "هێندە سووکە کە لەوانەیە با لەگەڵ خۆی بیبات، دەستەکانی هێند بچووکن کە ناتوانی زەوی پێ هەڵقەنێ".

"رەنگە با بتوانی ئەو لەگەڵ خۆی ببا، بەڵام هابیل دەبێتە راوچییەکی بە توانا."

بە پێی کات بیرەوەرییەکانی ئادەم و حەوا سەبارەت بە بەهەشت، کەمتر و کەمتر دەبۆوە. بنەماڵەیەکی بچووکی مرۆڤ پێکهاتبوو. ژیانیان زۆر دژوار بوو، کاری رۆژانەی ژیانیان بەسەر ئەندامانی بنەماڵە دا دابەش کردبوو. قابیل لەگەڵ دایکی لەسەر مەزرا کاری دەکرد. زەویان دەکێڵا، ئاویان دەدا و دانەویڵەیان دەچاند. دەستیان وەك زەوی بۆر ببوو و نینۆکیان وا رەق ببوو کە وەك بێڵ کاریان لێ دەکێشا.

هابیل لەگەڵ باوکی دەچوون بۆ راو. بەڵام هیچیان لە راو نەدەزانی! وەدوای ئاژەڵ دەکەوتن، ئەگەر شانسیان بهێنایە، یەکیان لێ دەگرتن. هەر وەك ئادەم پێشبینی کردبوو، هابیل زۆر چالاك بوو و بە گورجی رای دەکرد. بەڵام زۆربەی کات ئاژەڵەکان گورجتر لەوان بوون. ئادەم و

هابیل بەردیان بۆ ئاژەڵەکان دەهاویشت. بەڵام ئەگەر یەك لەو ئاژەڵانەیان بهانگاوتبایە، تەنیا دەکرا ناوی هەڵکەوتی لێ بنێین.

راوکردنەکەیان تەنیا بە شانس و هەڵکەوت بەسترابۆوە. ئەگەر گۆشتیان لەگەڵ خۆیان بۆ ماڵێ بهێنابایە، تەنیا لە گۆشتی ئاژەڵی نەخۆش بوو کە نەیدەتوانی رابکات، یاخود بەرماوەی شێر و ئاژەڵە دڕەندەکانیتریان وەبەر دەکەوت.

حەوا دەیگوت: "ئەو کارەی ئێوە کات بە هەدەر دانە".

قابیل دەیگوت:" هەروەها مەترسیداریشە".

قابیل برا چکوولەکەی زۆر خۆش دەویست و نیگەرانی بوو. چونکە مرۆڤ بە تەواوەتی دروست نەکرابوو و هەڵەی زۆری دەکرد. دەبوو فێر بکرێت، زۆر دەست و پێ سپیلکە بوو. بەڵام توانایی فێربوونی هەبوو.

هابیل کوڕێکی زۆر بە هۆش بوو، بەڵام بێ هێز. حەوسەلەی کارکردنی نەبوو و تا درەنگانێك دەنوست و ئەگەر بەخەبەریش بایە، تەنیا دادەنیشت و هیچی نەدەکرد.کاری سەر زەویوزاری بە مەیلەوە نەدەکرد. نینۆکەکانی دەشکان، پێستی دەستی دەقەڵەشان و خوێنیان لێ دەهات. جاری وابوو ماوەیەکی دوور و درێژ لە جێگایەك دادەنیشت و چاوی لە مەزرا دەبڕی.

"رۆڵە هەر وا بێهوودە دامەنیشە و شتێك بکە!" دایکی پێی دەگوت.

"دایكت راست دەكا، خۆت بە شتێكەوە خەریك كە!" باوكی دەیگوت.

"خەریك دەبم" هابیل وەڵامی دەدانەوە. "هەر ئێستا. بڕێكم كات بدەنێ! من هێشتا تەواو نەبووم. ئێستا دەست پێدەكەم."

"لە چی هێشتا تەواو نەبووی؟" قابیل، براكەی لێی پرسی.

" نازانم چییە، من دەبێ بیری لێ بكەمەوە!" هابیل وەڵامی دایەوە.

"لێی گەڕێن، هابیل بیردەكاتەوە." قابیل بە دایك و بابی گوت.

قابیل براكەی خۆی زۆر خۆشدەویست. شانازی پێوە دەكرد و پشتیوانی لێ دەكرد و لەسەری دەكردەوە. بەردەوام خەمی بۆ دەخوارد.

"بیركردنەوە چییە؟" قابیل پرسیاری كرد.

"رەنگە بیركردنەوەش خۆی كارێك بێ!" هابیل وەڵامی دایەوە.

"مرۆڤ نایبینێ."

"كارەكە لە ناوەوەیە." هابیل گوتی.

"هەر چییەك بێ، تۆ عارەقەی بۆ ناڕێژی. بەڵام خودا گوتوویەتی: ئێمە دەبێ نانی خواردنمان بە عارەقەی كار وەدەست بێنین. پێموایە خودا پێی باش نەبێ ببینی كە تۆ لەوێ دانیشتووی و هیچ ناكەی."

"من عارەقە دەکەم"، هابیل گوتی. بەڵام عارەقەکەم لە ناوەوەیە.

ئادەم زۆر چالاك بوو. حەواش چالاك بوو. بەڵام لە هەردووکیان چالاکتر قابیل بوو. بەهۆی کارەوە کاتیان بۆ بیرکردنەوە نەبوو. تەنانەت جارێکیش بیریان لە بیرکردنەوە نەدەکرد. حەوا پێیوابوو هابیل دەبێ نەخۆش بێ. بەڵام هابیل نەخۆش نەبوو.
"هابیل راوچییەکی زۆر بە توانایە" ئادەم بە حەوای گوت. تۆ دەبێ بیبینی.
"کاتم بۆ شتی وا نییە"، حەوا وەڵامی دایەوە.
رۆژێک لە رۆژان کاتێك هابیل لەگەڵ باوکی چووبوون بۆ راو و دوای ڕاونانی مێگەلێك ئاسکەکێوی، ماندوو ببوون بەڵام هیچیان راو نەکردبوو و لە ژێر سێبەری داری لێرەوارێک دانیشتبوون، ئابڵ دەستی بۆ لای ئاسمان درێژ کرد و گوتی:
"ئەوەتا دیسان لەوێن!"
"کێ لەوێیە؟" ئادەم پرسیاری لێکرد.
"باڵندەکان"، هابیل وەڵامی دایەوە.
"ئەوانمان زۆر ئەستەم بۆ راو دەکری تا ئاسکە کێوی"، ئادەم بە هابیلی گوت. ئێمە رەنگە نەتوانین زۆر بە گورجی رابکەین بەڵام هەڵفڕین هەر ببڕا ببڕا ناتوانین!
"هەرکات ئێمە کەلاکی ئاژەڵێک دەدۆزینەوە، ئەو باڵندانەش لە دەوری سەریان لە هەڵفڕیندان." هابیل گوتی.

"چونكە ئەوانیش بەشی خۆیان دەوێ. ئەوان لەو سەرەوە زۆر باشتر لە ئێمە دەبینن." ئادەم بە كوڕەكەی گوت.
"وایە، رەنگە بتوانین كارێك بكەین كە ئەو باڵەندانە بۆ ئێمە ئیش بكەن."
"بەڵام ئەوان ئەو كارە بۆ ئێمە ناكەن"، پێتخۆشە پرسیاریان لی بكەی؟
"پێویست بە پرسیاركردن ناكا، لەجیاتی ئەوی وەك كوێر لەو ناوچانەدا بەدوای كەڵاكی ئاژەڵ بكەوین، بۆ ئیمە وا باشترە لە پێشدا سەیری ئاسمان بكەین و بەراوردی دۆزینەوەی كەڵاكێك لەو جێگایەی باڵەندەكان لێی دەخولینەوە، بكەین!"
ئەو كارە وەك شۆڕشیك بوو بۆ راوكردن. لێرە بەدواوە زۆربەی كات، سفرەی خواردن بە گۆشت رازابۆوە. ئادەم و حەواش ئیتر لە هابیل توورە نەدەبوون كاتێك دادەنیشت و چاوی لە جێگایەك دەبڕی و بیری دەكردەوە.
قابیل زۆر سەربەرز بوو كە برایەكی ئاوای هەیە.
"ئەو بیر دەكاتەوە"، بە سەبرا دەیگوت. بۆ بیر كردنەوە لە ناوەوە عارەقە دەڕێژێ.
لێرە بەدواوە ئادەم و هابیل زوو زوو دەچوون بۆ راو و جاری وابوو چەند رۆژ نە دەگەڕانەوە. رۆژێك لە دەشتێكی دوور كە دارێكی كەمی لێ رووابوو، چووبوون بۆ راو. لە ئاسمان باڵەندەكانیان بینی. كەلاكێكیان دۆزیەوە. بە بەردی تیژ بەربوونە وردكردنی گۆشتی ئاژەڵەكە. لە پڕێكدا دەنگێكی

بەرز سەرنجی بۆ لای خۆی راکێشان. کە سەیریان کرد شێرێك لە پەنایان راوەستابوو. ئەویش برسی بوو و بەشە گۆشتی خۆی دەویست. ئەوە یەکەم جار نەبوو کە ئاژەڵی درەندە کارەکەیانی لێ تێك دەدان. باوك و کوڕ وایان پلان دانابوو بۆ سەرلێشێواندنی دوژمن، لە کاتی تەنگانەی وادا لێك جیا ببنەوە.

لە ترسی شێرەکە ئادەم چووە سەر دارێك و خۆی بە لقی دارەکەوە هەڵواسی. هابیلیش رای کرد بۆ ناو دەشتەکە. شێرەکە وەدوای هابیل کەوت. ئادەم دەیزانی کە هابیل ناتوانی بە گورجی شێر را بکا. غەمناك لە دارەکە هاتە خوارێ و ڕۆیشتەوە بەرەو ماڵێ تا ئەو هەواڵە ناخۆشە بۆ حەوا و قابیل بەرێتەوە.

بەڵام هابیل لە ترسی گیانی خۆی بە گورجی هەڵدەهات. لە پڕێکدا بەرانێکی زێڕین هاتە سەر ڕێی.

"لاچۆ، لاچۆ، هەڵێ"، هابیل بە بەرانەکەی گوت. شێرێك وەدوام کەوتووە. تۆ لەو گورجتری، رەنگە تۆ بتوانی خۆت رزگار کەی.

بەرانە زێرینەکە دەیتوانی قسە بکات. ناوی هابیلیشی دەناسی. بەرانەکە گوتی: "سواری پشتی من بە، هابیل. دەستت لە مەرەزی پشتم توند کە. من رزگارت دەکەم."

هابیل کاتی پرسیارکردنی بۆ نەمابۆوە. بە قسەی بەرانە زێرینەکەی کرد و لە چنگ مام شێر رزگاری بوو.

کاتێك ئیتر مەترسیان لەسەر نەما، هابیل پرسیاری کرد: "من تا ئەورۆ تووشی هیچ ئاژەڵێک نەبووم کە بتوانێ قسان بکات؟" بۆچی تۆ دەتوانی قسە بکەی؟
بەرانەکە گوتی: "سەیرکە هابیل، من لە بەهەشتەوە دێم، لە باغی جەننەتەوە. دەزانی بەهەشت چییە؟"
"پێموایە بە تەواوی نا، بەڵام دەزانم"، هابیل گوتی.
"دایك و بابت لەوێ دەرکراون."
"بەڵێ، وایە، جار و بار باسیان بۆ کردووم." ئەوان خۆشیان ئەو چیرۆکەیان ئیتر زۆر باش لەبیر نەماوەتەوە.
بەرانەکە گوتی: "دیتت، هابیل، ئەوکات نیوەی ئاژەڵەکان دەبوو لەگەڵ دایک وبابی تۆ بەهەشت بەجێ بێڵن." نیوەکەی تریان لە بەهەشت مانەوە. بنەماڵەی ئیمە بوو بە دوو لەتەوە، بەشێکی لە بەهەشتن و بەشێکیتری لە دەرەوە دەژین. ئیمەی ناو بەهەشت خەم بۆ ئەوانی دەرەوە دەخۆین. هەواڵی زۆر سەیر سەبارەت بە ژیانیان دەگێڕنەوە. جا لەبەر ئەوەی لە چنگی شێر رزگارم کردوویت، دەبی تۆش ئاگات لە بنەماڵەکەی من لەدەرەوە بیت.
ئابڵ گوتی: "بنەماڵەکەت لە کوێن؟"
بەرانەکە بە گورجی رۆیی و لەگەڵ مێگەلێك مەڕ گەڕایەوە بۆ لای هابیل. بنەماڵەکەی رەوەیەکی گەورە بوون. زۆر باش لەوەڕابوون. مەڕە دایکی زۆر بە جەرگ، مەری بەهێز،

کاژیلکەی جوان و ساغ و بە وزە. هەر هەموویان چاویان بڕیبووە هابیل.
هابیل شووڵێکی لە دارێک کردەوە و گوتی: "من ئاگاداریی لەو ڕەوەیە دەکەم."
بەرانە زێڕینەکە گوتی: "کەوابوو منیش دەگەڕێمەوە بۆ بەهەشت."
هابیل ئەو گاڕانە مەرەی لەگەڵ خۆی بەرەو ماڵێ بردەوە.
لە ماڵەوە هەموو خەمبار بوون. ئادەم، حەوا و قابیل پێیان وابوو شێرەکە هابیلی هەڵدڕیوە وخواردوویەتی. کاتێك هابیل گەڕاوە خۆشحاڵ بوون و بەخێرهاتنیان کرد. کاتێک بینیان بە تەنیاش نییە، قابیل پرسیاری لێ کرد: "ئەوە چییە؟"
"ئەوانە ڕەوەی منن"، هابیل وەڵامی دایەوە. من ئیتر لەمڕۆ بەدواوە ڕاوچی نیم، شوانم.
قابیل، براکەی لە باوەش گرت. زۆری بۆ گریابوو.
بەو ڕەوەیەی وا لە لایەن خوداوە پێیدرابوو، هابیل دەستی بە مەڕداریی کرد. ئەمجاریش عارەقەی نەدەڕشت و کار و پیشەی ببوە ئەوە کە لەژێر سێبەر دانیشێت و چاوی لە ڕەوەکەی ببڕێت. کاتێك گورگ دوو بەرخی لی دزی، ئەویش دوو بێچوولە گورگی لێ دزی. ئەو بۆ بێچوولەکان زۆر باش بوو، بێچوولەکانیش ئەویان خۆشدەویست و بۆ هەموو کارێك بە قسەیان دەکرد.

"ئەوە چۆنە کە ئەو بێچوولە گورگانە بە قسەت دەکەن و وەدوات کەوتوون؟" قابیل لێی پرسی.
"ئەوانە ئیتر گورگ نین، بەڵکوو سەگن. ئەو سەگانە یارمەتیدەرن بۆ من"
لێرە بەولاوە هابیل لە جاران زیاتر لە ژێر سێبەر لێی رادەکشا و بیری لی دەکردەوە، چونکە ئیتر سەگەکان ئاگادارییی میگەلیان بۆ دەکرد...

+++

به شێوەی فانتازی، وەك خەون و خەیاڵ ئەو چیرۆکە بێ بەڵگانە کە تەنیا بیر و باوەڕ و چێکراوی خودی مرۆڤ و بەتایبەت سیستەمی پیاوسالارییین، لە کتێبە ئایینییەکان درێژەیان کێشاوە. سەیر ئەویە کە لایەنگرەکانیان سەرەڕای پێشکەوتنی زانست و سەلماندن و دۆزینەوەی زۆر پرسیاری سەبارەت بە دنیای دەور و بەرمان، تا ئەورۆش هەر باوەڕ بەو چیرۆکانە دەکەن و وازی لێ ناهێنن. تەنانەت لە درێژەی ئەو چیرۆکانەدا کاتێ هابیل بەهۆی بەغیلایەتی بە براکەی خۆی قابیل کە گۆیا هەردووکیان حەز لە خوشکیکی خۆیان دەکەن، دەکووژێ و لێرەوە کوشتنی مرۆڤ دەست پێدەکا، هەزاران ساڵ دواتر لە ئەمریکا، رەش پێستەکان لە لایەن سپی پێستە ئایینییەکان و هەروەها رەگەزپەرەستەکانەوە بە نەوەکانی هابیل دادەنرێن. لە ئاڵمانی کاتی نازییەکانیش ئەو مێژووە دووپات دەبێتەوە و

یەهوودییەکان بە نەوەکانی هابیل  دادەنرێن و کوشتن و ڕاوەنانیان بە ڕەوا دەناسرێ.

دیارە ئایین مافی هەر مرۆڤێکە و دەتوانن بە بێ هیچ کۆسپێك ئەو ڕێگایەی پێیان باشە هەڵیبژێرن، بەڵام بەو مەرجەی ئەو مافە بۆ بەشدارانی دیکەی کۆمەڵگا بە بۆچوونی جیا لە هی خۆیانەوە ڕەوا ببینن.

# مێژووی ئایین لە ناوچەی مێزۆپێتامیا (نێوچۆمان)

لە پەیوەندیی مابەین خوداکان و مرۆڤدا دەتوانین گەلێك زانیاریی وەك پێداویستییەکانی ژیان، هەستکردن و وێناکردنی بەشداربوونی مرۆڤ لە مێژووی دەوروبەر و هەروەها سەبارەت بە چۆنەتیی ژیانیان لەو ناوچەیە وەدەست بێنین. دیارە رۆڵی باوەڕ و ئایین لە ژیانی ئەوکاتی مرۆڤدا گرنگایەتییەکی یەکجار زۆری بووە. باوەڕی ئایینی لە ناوچەی ناوچۆمان جیاوازییەکی مەزنی بووە لەگەڵ ئایینەکانی ئەوڕۆیی. نە کەسێک وەك پێغەمبەر لە لای خوداوە بوونی بووە و نە کتێبی ئاسمانی. سەرچاوەی ئایینی ئەوکات تەنیا بەهۆی ترس و ناتەوانیی مرۆڤ لە هەنبەر سروشتدا بووە.

هەروەك دەزانین، لە نووسراوە ئایینیەکاندا بە ئەندازەی کافی لەسەر هەستەکانی وەك ترس لە خودا، پاڕانەوە، یەخسیریی و خۆ بە تاوانبار زانین دێنە گۆڕێ، بەڵام زۆر کەم قسە لە خۆشەویستیی دەکرێ. پەیوەندییەکی کەسیی لە مابەین مرۆڤ و خودا بەو شێوەیەی ئەوڕۆ لە ئایینەکاندا دەیبینین، ئەوکات بوونی نەبووە و مرۆڤ چاوەڕوانی بەخشین لە لایەن خوداکانەوە یاخود وەرگرتنی

خەڵات (چوون بۆ ناو بەهەشت) نەبووە. مرۆڤی ئەوكات خوداكانیان خۆش نەویستووە بەڵكوو زیاتر بەهۆی ترسەوە ستایشیان كردوون. هەر كارەساتێك لەسەر زەوی رووی بدایە، بەهۆی خوداكانەوە پێكدەهات. مرۆڤ نەیتوانیوە ئازادانە بڕیار لەسەر چۆنیەتیی ژیانی بدا یا چارەنووسی خۆی دیاری بكات. گوتەی وەك: "چالاك بە، و یارمەتیی خودا وەربگرە!" بوونی نەبووە. مرۆڤ هەموو چاوەڕوانییەكی لە خوداكان كردووە، جا لە كاری چاكەوە بگرە هەتا كارەسات. لە نووسراوەیەك كە بۆ "ئیشتار" (Ischtar) یەك لە خوداكانی ئەوكات گوتراوە، هاتووە: *" زاناترینی نێو خوداكان، كە بەسەر هەموو مرۆڤدا زاڵە، كە ئاسمان و زەوی راگرتووە... من وەك ئەسیرێك دەستی یارمەتی بۆ لای تۆ درێژ دەكەم و خۆ دەخەمە بەر قاچەكانت!"*

مرۆڤی ئەوكات لە جیاوازی مابەین رووداوە سروشتییەكاندا، بەرپرسی جیاواز، بەستراوە بە رووداوە سروشتییەكانی دۆزیبوونەوە و ناوی خودای لەسەر داناون. بەوهۆیەی نەیانتوانیوە فۆرم و روخساری خوداكان ببینن، شكڵ و فۆڕمی مرۆڤیان لی وێنا كردوون و پێیان وابوو كە خوداكان جل و بەرگ، ماڵ، زێڕ و جەواهیراتیان هەیە، خواردەمەنی دەخۆن، لەگەڵ یەكتر بەشەڕ دێن و هەستی خۆشەویستییان لە هەنبەر یەكتردا هەیە و تەنانەت ژیانی بەكۆمەڵ و بنەماڵە پێك دێنن. ئەو وێكچوونە، واتە ئەو

بارودۆخە هاوچەشنەی مرۆڤ و خوداکان بۆتە هۆی متمانەکردنی مرۆڤ بۆ پێکهاتنی دەسەڵاتی شا و گەورەی کۆمەڵگا وەك نوێنەر و پەیوەندیی راستەوخۆی مابەین مرۆڤی ئاسایی و خوداکان. وەك چۆن خودا سەرەکییەکان هێز و توانایی و دەسەڵاتیان بەسەر دنیا دا بووە، شا و گەورەی کۆمەڵگاش ئەو هێز و تواناییەیان لەسەر ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیان بۆ مسووگەر بووە.

ماوەیەکی زۆر بەر لە یەکگرتوویی سیاسیی ئیمپراتووری ئاکادەکان، بابیلۆنەکان لە شاری نیپوور"Nippur" ناوەندێکی ئایینیان پێکهنابوو و ناوی خودا سەرکییەکەیان ئێنلیل "Enlil" بووە کە دوای باوکی ئان "An" ئەو ئەرکەی پی سپێردراوە و براکەی ئێنکی "Enki"ش وەك وەزیری سەرەکیی پشتیوانی لێ کردووە. ئەو سێ خودایە بە هاوکاریی خودای دایك واتە "ئیشتار" (Ischtar) بنەماڵەیەکی تەواویان پێکهیناوە. هێز و دەسەڵاتی ئەو خودایانە نەگۆڕ نەبووە. بە هاتنە سەر کاری بابیلۆنەکان لە کۆتایی دەسەڵاتی کاسیتەکان "Kassiten" دا، ناوی خودای (سۆمێر- ئاکاد)، واتە ئێنلیل "Enlil" گۆڕاوە و بووە بە ماردووك "Marduk" و هەروەها بە پێی گەورەبوونەوەی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ئاشوورییەکان خوداکەیان واتە ئاشوور "Assur" گرنگایەتی زۆرتری پێ دراوە.

راگوێزی و لەگەڵ خۆ هەڵگرتنی فیگوور و پەیکەری ماردووك "Marduk" لە مێژووی بابیلۆنەکاندا نیشانی دەدات کە چ گرنگاییەتی و رۆڵێك ئەو خودایانە لە فەرهەنگ و دابونەریتی خەڵکەکانی ناوچەدا گێڕاویانە و بە پێچەوانەش کاتێ دوژمن خوداکەی لێ سەندوونەتەوە و یەکیتری لە جی داناوە، هیچ هەلویێستێکی ئەوتۆیان نەگرتووە و بارودۆخەکەیان زۆر بە ساکاریی سەلماندووە. بەو هۆیە لە 2 هەزار ساڵ پێش زایینەوە ژمارەی هەزاران خودای پێکهاتووی دەستی مرۆڤ، بە شێوەیەکی بەرچاو کەم بوونەتەوە و ژمارەیان لە 20 تا 30 خودا تێپەڕ نەبووە. زۆربەی خودا هاوچەشنەکان تێکەڵاوی یەکتر بوون و ئەوانیتر بە هۆی هاتنە گۆڕی خودای ماقووڵتر لەناو چوون. بۆ وێنە خودای ژن واتە "ئیشتار" (Ischtar) خۆی لە بەربەرەکانی لەگەڵ هەموو خودا ژنەکانیتردا راگرتووە و بۆ ئەو کات وەك مەزنترین خودای ژن چاوی لێکراوە.

"ئیشتار" (Ischtar) نە تەنیا وەك خودای خۆشەویستیی بەڵکوو وەك خودای گێرەشێوێن و شەڕیش ناسراوە. لە پەنا ئەودا خودایتریش وەك نابوو "Nabu" خودای نووسەر یا خودای ژنی دەرمانکەر گولا "Gula"، یا خودای لێرەوار، نینوورتا "Ninurta" و هەروەها خوداکانی ژنیتری ئاسمان کە بەرپرسی رووداوە سروشتییەکان بوون وەك: خودای

خۆرەتاو، شاماش "Schamasch"، خودای مانگ، زین "Sin" و هەروەها خودای کەش و هەوا، ئاداد "Adad".

یەك لە هەرە کاردانەوە گرنگەکانی هێز و توانایی دان بەو خودایانە لە لایەن مرۆڤەوە، ئەوە بوو کە بتوانن خۆیان لەگەڵ بارودۆخی سروشت لە پەیوەندیی لەگەڵ ژیانیاندا قانع راگرن. سیحر و جادوو و فاڵگیریی بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ سەردەمی سەدەی ناوەڕاست زۆر کەم بووە. مرۆڤ کاتێك ژیانی بە ئارامی دەگوزەراند کە گوێڕاگریی خوداکانی بکردایە. مرۆڤ هەموو داب و نەریت و خوو و خدەکانی خۆی بە خوداکان و بۆ وەدیهێنانی ئارەزووی ئەوان بەستبۆوە. هەر مرۆڤێك دژ بە خوداکان راوستابایە، بە دێو و درنجیان دادەنا و لە لایەن کۆمەڵەوە تف و نەحلەتی لی دەکرا.

# ئایا هەستی ئەخلاقیی ئێمە پەیوەندیی بە پەرەسەندنەوە هەیە؟

ئالبرت ئەنشتاین دەڵێ: *"بارودۆخێكی زۆر سەیرمان لەسەر ئەم هەردە هەیە. هەركام لە ئێمە بۆ ماوەیەكی كەم میوانی ئەم دنیایە دەبین، بە بێ ئەویكە بزانین بۆچی! وێدەچی كەسانێك، جار و بار بە ئامانجەكەیان بگەن، بەڵام شتێك هەیە كە ئێمە بە دڵنیاییەوە دەیزانین: مرۆڤ بۆیە لەسەر ئەم زەوییەیە، بۆ خۆ بەستنەوە بە وردەی مرۆڤەكانیتر، بەتایبەت ئەو مرۆڤانە كە پێكەنینەكەیان پەیوەندیدار بێ بە خۆشحاڵی و بەختەوەریی ئێمەوە."*

زۆربەی مرۆڤە ئایینییەكان ناتوانن وێنای بكەن كە بە بێ ئایینیش دەكرێ كاری چاك بكردرێ. بەڵام زۆر جار ئەو لاگریی و رق و قینەیان قووڵتر دەبێتەوە و لە هەندێك مرۆڤدا بە شێوەی توورە، بەردەوام لە هەمبەر هەموو ئەو كەسانەی بەشداریی ئایینەكەی ناكەن، رایاندەوەستێنێ. ئەو هەڵوێستانە بە ڕاشكاوییەوە هیچ پەیوەندییەكی بە پەرەسەندن، "ژێن" و سروشتەوە نییە و تەنیا حاڵەتێكی ئەخلاقی و مۆڕالییە كە هەر وەك گوتمان سەرچاوەكەی دەگەڕێتەوە بۆ چەشنی بارهێنان و مانیپولیرەكردنی مرۆڤەكان لە منداڵییەوە.

بەڕاستی بۆ من جێی پرسیارە کە چلۆن مرۆڤ تەنیا بەهۆی باوەڕ یاخود لاینگریکردن لە ئایین، ئیدئۆلۆژی و تەنانەت وەرزش، دژ بە مرۆڤەکانیتر رادەوەستێ و ئامادەیە زیان بەو کەسانە بگەیێنێ کە لایەنی باوەڕ و بۆچوونەکەی ناگرن! هەمیسان بۆم جێی پرسیارە کە ئەگەرخودایەك بوونی هەبێ، بلێی پێویستیی بە لایەنگری ئاوا تورە هەبێ؟ ئەوانەی باوەڕیان بە خودا هەیە دەبێ بزانن کە خودا بەهۆی توانایی و هێزەکەیەوە دەتوانی خۆی لە بەرابەر دژبەرانی بپارێزێ و هیچ پێویستییەکی بە لایەنگری ئاوا تورە نەبێ. ئەگەر ئەو نەتوانێ ئەدی کێ دەتوانێ؟!

بۆچوون، لێکدانەوە و بڕیاردان لەسەر راستبوون یا هەڵەبوونی دووانەی "چاك" و "خراپ"، ("باش" و "تووڕە") لە روانگەی پەرەسەندن و ژێنێتیکییەوە لە زۆریەك لە نووسراوە و کتێبەکاندا ئاماژەی پێ کراوە بۆ وێنە:

1- کتێبی "*Why Good Is Good*" (بۆچی چاکە، باشە) نووسینی رۆبرت هیندە "Robert Hinde".

کتێبی " *The Science of Good and Evil*" (زانست لەسەر باش و خەراپ یاخود تووڕە) نووسینی میکائیل شێرمێر "Shermer Michael"

2- کتێبی "*Can We Be Good Without God?*" "دەتوانین بە بێ خودا باش بین؟ نووسینی رۆبرت بووکمەن "Robert Buckman"

3- کتێبی "*Moral Minds*" بیرکردنەوەی ئەخلاقی" نووسینی مارک هاوزەر "Marc Hauser"

وێدەچێ بۆچوونی داروین واتە "هەڵبژاردەی سروشتیی"، وەك موتوری وەرێخستنی پەرەسەندن، لە یەکەم چاولێکردندا وەڵامدەری تایبەتمەندییەکانی ئێمە یا هەستی ئەخلاقی، هەڵس و کەوت، هەستی بەزەیی و ئیمپاتی(هاودەردی) نەبێ.

برسیەتی، ترس یا ویستی سکسی دەتوانن خۆیان زۆر ساکار بە "هەڵبژاردەی سروشتیی"یەوە گرێ بدەن، چونکە ئەو تایبەتمەندییانە پەیوەندیی راستەوخۆیان بە مان و درێژەپێدانی ژیانی ئێمەوە هەیە. ئەدی هەستی بەزەیی پێداهاتن، کاتێ سەیری منداڵێکی هەتیو، مرۆڤکی پیر، نەخۆش و بەتەنیا، یا ژنێکی بە تەنیا ماوەی بێ مووچە کە چەند منداڵی بۆ بەخێوکردن لەسەر شانە، بکەین، چلۆنە؟ هەستی یارمەتیدانی مرۆڤێك بە مرۆڤە بێ دەستەڵاتەکانی جیهان، کە لە رێگایەکی دوورەوە، بە بێ ئەوەی بیناسێ، چاوی بە چاویان کەوتبێ یاخود بیهەوێ بناسرێ، لەکوێوە دێ؟

بۆچوونی داروین ئەو ئەزموونە بە ئێمە دەدات کە هەموو ماکە و ئیلەمێنتی دنیای زیندووەکان، بۆ مانەوەیان دەبێ لە فیلتر(سافیی) "هەڵبژاردەی سروشتیی" تێپەڕ بن. لە ژینگەدا تەنیا ئەو بوونەوەرانە درێژە بە ژیان دەدەن کە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئەوانەی لەناو دەچن، خاڵێکی بەرچاو، خاڵێکی لەسەرتر و بڕیاردەریان هەبێ کە بتوانن وەك چەکێکی کارلێکەر بۆ بەهرەی خۆیان، کەڵکی لێ وەربگرن. لەو پەیوەندییەدا ئەو هەستە بە هەستی"بەخیلیی" یا "خودپەرەستی"ش دەناسرێ.

## مرۆڤ دەتوانێ خوو و خدەكانی بگۆڕێت

رووی ئەم نووسراوەیە لەو كەسانەیە كە بیر لە ژیانێكی ئارام و بێ كێشە دەكەنەوە، ژیانێك كە پڕ بێ لە خۆشەویستی، پێكەنین، ئاشتی، رێز، ئازادی و بە گشتی ژیانێكی پڕ لە كامەرانی.

ئیمەی مرۆڤ بە هەڵكەوت بێ یاخود لەڕووی زانستەوە، كەوتووینەتە سەر ئەم هەردە و بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ تەمەنی زەوی كاتێكی زۆر كەممان بۆ ژیان هەیە- ژیانێك كە دەبێ لە راستیدا وەك غارە ئەسپ هەوسارەكەی بە دەست خۆمانەوە بێت و بۆ هەر لایەك پێمانخۆش بێ بتوانین هیدایەتی بكەین! بەڵام بەداخەوە بەهۆی داب و نەریتی كۆن و بیر و بۆچوونی تۆز لەسەر ڵنیشتووەوە، هێزی نەزانیی كۆمەڵگا وەك گۆپاڵ بە دەست لەسەرمان راوەستاون و تەپ و مژێكی ماڵوێرانكەریان پێكهێناوە كە سێبەری خستۆتە سەر مێشكی زۆربەی بەشدارانی كۆمەڵگا. ئەو دێوەزمەیە گوشارێكی ئەوتۆ دەخاتە سەر مرۆڤ كە لە تەمەنی منداڵییەوە ئەو هەوسارە لە دەستی دەستێندرێ و ئیزنی دۆزینەوەی رێگا و هەڵبژاردنی چۆنیەتی ژیانی پێ نادرێ.

من نازانم ژیانی تۆ تا ئەمڕۆ چۆن بەڕێوە چووە، وەك کەسێکی ئاسایی کاتێ بەیانان لە خەو هەڵدەستی چ هەستێکت سەبارەت بە ژیان هەیە. بەڵام ئەوە دەزانم کە هەر مرۆڤێك دەتوانێ کارلێکەرییەکی مەزنی لەسەر چۆنیەتیی ژیانی خۆی هەبێت. هەوڵ بدە کاتێ بەیانی لە خەو هەستای، بێ ئەوەی بیر لە هیچ مڕومۆچییەك بکەیەوە، بێ ئەوەی هیچ رق و کینەیەکت لە دڵ دابێ، بە بزەی سەر لێو و لە ناخی دڵەوە بڵێ: "چ بەیانییەکی خۆشە، خۆشحاڵم کە بۆ رۆژێکیتریش ئیزنی ژیانم لەسەر ئەم هەردە هەیە. بڵێی ئەمڕۆ چ خەڵاتێکی شیرین و چ ژیانێکی پڕ لە خۆشەویستی چاوەڕوانم بکات."

لەڕاستیدا خەوتنی مرۆڤی چاولێکەر تەنیا شەوانە نییە، بەڵکوو کاتێ کە بەیانی لە خەو هەڵدەستێ، خەوەکە لە رۆحیدا هەر درێژەی دەبێ، چونکە هەست بەوە ناکات کە لە حاڵی بەخەبەریدا چ روو دەدا و چی دەقەومێ. لەگەڵ هەستانی بەیانان نهێنییەکی سەرسووڕهێنەر دەست پێدەکات. ژیان بانگت دەکا و دەڵێ: "من رۆژێکی نوێم و خۆم خەڵاتی تۆ دەکەم. من کاغەزێکی نەنووسراوم و چاوەڕوانم بزانم چ مێژوویەک لەسەر من دەنووسی و یاخود چ وێنەیەك لە من دەکێشییەوە. چونکە من تەنیا ئەمڕۆ هەم و رەنگە ئیتر سبەینێ نەبم. بڕیاری دەستپێکی ژیانێکی پڕ لە خۆشەویستیی هەر ئێستا بدە."

بۆ ئەو بانگکردنەی وا ژیان لە مرۆڤی دەکات، گوێی و هەستەکانی داخراون و وێدەچی هێزی هەستکردنیشی سڕ کرابێ. بەڵام رۆژ لەگەڵ رۆژ ئەو بانگکردنەی ژیان درێژەی هەیە، و مرۆڤیش لە حاڵی بێ خەبەریدا لاپەڕەکانی ژیانی بە خەت کێشانی بێ مەبەست پڕدەکاتەوە. بۆچی دەبێ ژیانمان لەجیاتی خۆشەویستیی، چێژ و مەیل و سۆز، پڕ بێ لە ترس و گوشار و خەم و باڵە فڕکێ؟ رەنگە هۆیەکەی ئەوەبێ کە ئێمە نەزانین و چاومان لەو کەسانە بڕیبێت کە پێش ئێمە بە ناو ژیانیان کردووە و ئەو هەستەیان وەك ژیانی ئاسایی خستۆتە مێشکمانەوە و پەروەردەیان کردووە. وەچە بە وەچە ئەو هەستە ئاساییە وەك موسیقای مارش بە گوێماندا دراوە، بە شێوەیەك کە مرۆڤ بەیانان لە خەو هەڵدەستێ و بە خۆی دەڵێ: "من هیچ هەڵبژاردنێکی ترم نییە، دەبێ هەستم، کار بکەم، رەنج و بەدبەختی بکێشم، بە شێوەیەك لە شێوەکان ژیانی خۆم درێژە پێبدەم و ....

بەو شێوە سەیر و سەمەرەیە، ژن و پیاوی کۆمەڵگا خۆیان دەخەنە ژێر گوشار و ژیانێکەوە کە دەبێ پڕ بێ لە خۆشەویستی و سۆز، بۆ بەجێ هێنانی ئارەزووی "مرۆڤی چاولێکەر" و بۆ وەدەست هێنانی بڕێك رێز و سەلماندنیان لەو چوارچێوەیەدا، ژیانێکی جەهەنەمی بۆ خۆیان و ماڵ و منداڵیان ساز دەکەن.

ئێسا ئیتر کاتی ئەوە هاتووە مرۆڤی چاولێکەر، چاویان بکەنەوە، هەستەکانیان بەهێز کەن و لەو خەوە ئەبەدییە ڕاپەڕن. ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کە بانگهێشتنی ڕۆژی نوێ قەبووڵ بکەن و بە تەواوی هێزەوە بۆ سەیرکردنی ڕۆژانی داهاتوو چاویان داماڵن و داهاتوویان بە ڕوونی و باشی و لە حاڵی ئەغیاریدا، درێژە پێ بدەن.

لە وەچەی نوێی ئەوڕۆی مرۆڤدا شتێك بەدی دەکرێ کە تا ئێستا وێنەی نەبووە. مرۆڤی زۆربەی وڵاتانی دنیا هەوڵ دەدەن خۆیان لەو داب و نەریتە کۆنەی "مرۆڤی چاولێکەر" دوورخەنەوە و بڕیاری ژیانێکی نوێ بۆ خۆیان و وەچەکانی داهاتوو بدەن. وەچەی نوێ ئەوڕۆ تەنیا باوەڕ بە شتێك دەکات کە بتوانێ ببینێ، هەستی پێبکا و بتوانی بیپێوێ. تا ئەو کاتەی مرۆڤی چاولێکەر نەیەتە سەر ئەو باوەڕە، دڵی لە قەفەس کەوتووی خۆی لە چنگی داب و نەریتی کۆنی کۆمەڵگا رزگار نەکات، ناتوانێ بەختەوەر بێ و دڵی وەك دڵی مرۆڤی ئەوڕۆیی بۆ خۆشەویستیی لێ بدات.

## هۆکاری تێکدان یا خۆشکردنی ژیان، تەنیا خۆمانین

فریدریش نیتچە دەڵێ:

*"مرۆڤ دەبێ ناوی **"خەم و ماتەم"** لەسەر ئایین دابنێ. لە ژیانی ئێمەدا خەم و ماتەم لە بەرانبەر چالاکییە ئەرێنییەکانی مرۆڤدا راوەستاون. ئەو چالاکییانەی وا دەبێ پلەی وزەی ژیان ببەنە سەرێ، بە هۆی گوشاری ئایینەوە مرۆڤ تووشی نەخۆشیی دیپرەسیو (خەمۆکی) دەکەن و بە تەواوی هێزی لێ دەبڕن. زەجر کێشان بەهۆی خەم و ماتەمەوە هۆگریی و خوو و عادەت پێکدێنێ کە لە نەهایەتدا و لە بازنەیەکی گەورەتردا کاردانەوەکەی دروستکردنی یاسا هەڵەکان و نەخۆشکردنی کۆمەڵگاکانە."*

مرۆڤی چاولێکەر نازانێ چ دەکات، چونکە ئەو، کەسایەتی خۆی ناناسێ. ئایا ئاگادار هەی چەند ساڵی ژیانی رابردووت چۆن تێپەڕکردووە؟ چلۆن بوویەتە هۆی ژیانێکی ئاڵۆز و پڕ لە رەنج و کێشە بۆ خۆت و ماڵ و منداڵت؟ لە سەردەمی منداڵییەوە بە گوێتدا دەخوێنن کە هیچت لە دەست نایەت، مرۆڤێکی دەست و پێ و ساویلکەی و بە تەنیا هیچ کارێکت بۆ جێ بە جێ ناکرێت. لە منداڵییەوە ناچار

دەبی ببیە هۆگر و بەستراوەی بنەماڵە و کۆمەڵگا و وات فێر دەکەن کە تەنانەت بیریشی لێ نەکەیەوە بە تەنیا و بێ یارمەتیی مرۆڤەکانی دەور و بەرت بتوانی کارێکت بۆ بکرێ. بەو هۆیەی تۆ متمانە و باوەڕت بەوان هەیە، ناچار، کراویەتە هۆگری گەورەکان و هەوڵت داوە تەنیا ئەو کارانە بکەی کە جێی ڕەزامەندیی ئەوان بن. هەر وەك ملیۆنان منداڵیتر هیچ ڕێگایەکیان بۆ نەهێشتوویەتەوە جگە لە سەردانەواندن.

دایك و باوکەکانیش هەر وەك تۆ بەهۆی داب و نەریتی کۆنی ناو کۆمەڵگاوە ئەو ڕێگایەی تۆیان بڕیوە. ئەوانیش فێر بوون کە هەست بە گوناهبار بوون بکەن و کارێك نەکەن کە دەر و جیرانیان لێ نارەحەت بێ. دایە گەورە و باوە گەورەش هەر وەتر. هەتا چاو هەتەر بکا و بتوانین بۆ ڕابردوو بگەڕێینەوە، ئەو پرنسیبە هەر دووپات کراوەتەوە و درێژەی هەیە.

کاتێک بەردەوام  بە گوێی منداڵدا بخوێندرێت : "تۆ بێ عەقڵی"، "تۆ هیچ کارێکت لە دەست نایە"، "تۆ ئیزنت نییە"، "تۆ نافامی" و ... ئیتر منداڵی بەستەزمان زۆر چەتوون دەتوانی خۆی بە شێوەیەکی جیددی لە کۆمەڵگادا پیشان بدا و ناتوانێ خەزێنەکان و توانا دەروونییەکانی خۆی بدۆزێتەوە، پەرەیان پێ بدا و بیاندرکێنێ.

ئەو شتانەی لەسەر خۆمان فێری بوین و بیر و بۆچوونێکی لەسەر خۆمان هەمانە، جەوهەری ژیانمان پێک دێنن. زۆربەی بڕیارە گرنگەکانی ژیانمان کە چارەنووسی داهاتوومان دیاری دەکەن، لە لایەن گەورەکان و کۆمەڵگاوە بۆمان دەردەچێت. مرۆڤی چاولێکەر ژیانێکی پڕ لە رەنج، گوناهباریی، هێش، نەخۆشی و ناتەواویی بۆ خۆی دروست کردووە. وا قورس لێی نووستووە و خووی بەو ژیانە یەخسیرە گرتووە، کە وەك باڵەندەیەکی ناو قەفەسساڵیانی درێژە نەبوونی ئازادیی بۆ ئاسایی بۆتەوە و سەرەڕای قفڵ نەکردنی درگای قەفەسەکە، هەستی پێ ناکات و هەوڵێکیش لە پێناو کردنەوەی دەرگاکە نادات.

ئێمەی مرۆڤ لە دنیایەکی پڕ لە داب و نەریتی سەیر و سەمەرە، پڕ لە هۆگریی و خوو خدەی بەزۆرەملی فێرکراو و هەروەها لە کۆمەڵگایەکی چاولێکەر و بێ ئازادیدا چاومان دەکەینەوە. لە راستیدا منداڵی بێ گوناه هیچ رێگایەکیتری بۆ نامێنێتەوە و بەشێوازی بەستراوەیی بە بنەماڵە و کۆمەڵگاوە باردەهێنرێت. منداڵی مرۆڤ بە پێچەوانەی هەموو ئاژەڵەکانیتر بێ دەستەڵات و بەستراوە بە دایك و باوك گەورە دەبێ و بە تایبەت لە چەند ساڵی یەکەمی ژیانی کە گرنگترین سەردەمی فێربوونیەتی، دەکەوێتە ناو بازنەیەکی شەیتانییەوە کە لە داهاتووی ژیانیاندا دەرباز بوون لێی، بۆ زۆربەی ئەو منداڵانە چەتوونە.

ئێمەی منداڵ برسیی خۆشەویستیین و لە جەستەیەکی گەورەدا پەروەردە دەبین و پێمانوایە مرۆڤێکی کامیل و تەواوین. بەڵام لە دەروونی ژیانماندا منداڵ دەمێنینەوە و ئارەزووی ژیان لە دنیایەکی پڕ لە خۆشەویستیی، پڕ لە پێکەنین، پڕ لە سەبووری و ئارامیی بۆ خۆمان دەکەین. ئەو منداڵە لە دەرونی هەرکام لە ئێمەدا دەژی. ئەگەر کەسێک بێتە هۆی وەڕێخستنی حاڵەتەکانی دەروونی ئێمە، وەك: کێشە یا تووڕڕەیی، ترس یا ماتەم، خۆ پێ کەم بوون یا خۆ پێ زلبوون و... ئیتر مرۆڤە گەورەکە نیین و بەڵکوو منداڵە دەروونییەکەین کە هەست بەو حاڵەتانە دەکین و وەبیر مرۆڤە گەورەکەی دێنێتەوە کە خۆشی و ناخۆشی ژیان بە دەست خودی مرۆڤە و تەنیا ئەو خۆیەتی کە بەهەشت یا جەهەنەم بۆ ژیانی خۆی و بنەماڵەکەی بنیاد دەنێ.

تەنیا خۆمانین کە دەتوانین بارودۆخێکی پڕ لە خۆشەویستیی و ئازادیی لە هەنبەر بنەماڵە و کۆمەڵگا پێکبێنین. لە رووبەڕوو بوون لەگەڵ ئەو مرۆڤانەی لە کاروباری رۆژانەدا تووشیان دەبین، هیچکات نابێ ئەو پرسیارە بکەین کە بیر و باوەڕیان چییە و لایەنگری کام ئایین یا ئیدئۆلۆژین، بەڵکوو مەرجی سەرەکی بۆ پەیوندیگرتن تەنیا و تەنیا دەبێ هەڵس و کەوتی ئینسانیی مرۆڤەکان بێ.

بە خۆشییەوە، لە گۆشە و کەناری ئەم جیهانە، بەرە بەرە مرۆڤی جیهان لەو خەوە دێرینەیە رادەپەڕن و ئەو راستییە دەسەلمێنن کە هەر کام لە ئێمە بە مافی بەرانبەرەوە ئیزنی ژیانی سەر ئەم هەردەمان هەیە و بۆ ژیانی گشتیی، پڕ لە ئاشتی و خۆشەویستیی پێویستیمان بە رێز لێنانی هەموو لایەنەکان هەیە.

تەواو